# به ناوی هۆنەر

گۆڤاری فەرهەنگی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتیی
هۆنە
زانکۆی کوردستان، سنە

# هۆنە

گۆڤاری فەرهەنگی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتیی هۆنە
بەرهەمی زانکۆی کوردستان
سەرنووسەر: ئێحسان میرەکی
بەرپرس: دڵنیا گوفتاری
بەرپرسی هونەری: سامان عوسمانپوور
ڕاوێژکار: د. بێهرووز چەمەنئارا
لێژنەی نووسەران:
ئێحسان میرەکی
سۆما حەبیبزادە
چیمەن باقری
مازیار محەمەدی
سامان عوسمانپوور
سەییدشاهین یاسینی
فەرشید ڕۆستەمی
هەڵەبڕان: ئێحسان میرەکی، سۆما حەبیبزادە، دڵنیا گوفتاری

گۆڤاری فەرهەنگی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتیی هۆنە لە هەڵبژاردنی بابەتەکان ئازادە و بەرپرسایەتیی هەر بابەتێک وەئەستۆی خودی نووسەر و دانەری بابەتە.

نرخ: ٢٠٠٠ تمەن

سپاسی تایبەت بۆ:

د. بێهرووز چەمەنئارا

د. حەبیب سلێمانی

د. سیرووس ئەمیری

د. بەختیار سەجادی

مەنسوور ڕەحمانی

و

تەواوی ئەو کەسانەی لە بڵاوبوونەوەی هۆنەدا یارمەتیدەر و ڕێنوێنمان بوون

# پێڕست

**خەسارناسیی زانکۆ و گوتاری زانستی**
**(وتووێژ لە گەڵ دوکتۆر مەسعوود بینەندە)**

ئێحسان میرەکی ............................................ ١٢

**شیعرییەت و تایبەتمەندییەکانی شیعری لە دیوانی ئەحمەد موختاربەگی جافدا (خوێندنەوەیەکی فۆرمالیستیانە)**

مەنسوور ڕەحمانی ............................................ ٣٥

**چەمکی ژن لە شیعرەکانی مامۆستا شێرکۆ بێکەس**

چیمەن باقری ............................................ ٤٨

**دوکتۆرسدیق موفتیزادە**

مەنسوور ڕەحمانی ............................................ ٥٣

**ڕەشنووسی بۆشایی**

سروە مەجیدی ............................................ ٦٠

**شێرکۆژ (کێڕانەوەی: ئیبراهیم زەندی)**

حەسیبە فایەقی ........................................................................................................ ٦٤

**دەڵاقەی کۆترە سپییەکە**

شلێرڕەحمانی ........................................................................................................ ٦٧

**متن درس‌گفتار اول ژاک لاکان**

سوما حبیب‌زاده ........................................................................................................ ٧٠

**درآمدی بر تاریخ‌گرایی نو**

میلاد میرکی ........................................................................................................ ٧٩

**بن‌بست**

عرفان محمدی ........................................................................................................ ٩٢

**Novel Unconsciously Critiques Capitalism to the End of History**

Chiya Parvizpur....................................................................................... 95

**A Criticism on Nowadays' Situation of Universities of Iran**

Maziyar Mohammadi ...................................................................... 110

**شرایط پذیرش مقاله در نشریه** ........................................................................۱۱۳

**ناساندنی کتیبه‌کان** ..................................................................................۱۱۴

## وتەی سەرنووسەر

دێــــرەن، با ئێمەیچ نەی گوزەرەوە
جامیٚ وە دەس نێین دەس وە سەرەوە
"مەعدوومی"

تا ئەو جێگای من ئاگادارم ئەمە یەکەم جارە کە لە مێژووی زانکۆی کوردستاندا گۆڤارێکی سێ زمانە ڕێ دەکەوێت و لە هەر سێ زمانەکەدا بە شێوەی پسپۆڕانە ئەندامی ببێت. یەکەم باسێک کە پێویستە لێرەدا بیهێنمە گۆڕێ ئەوەیە کە مەبەست و ئامانجی ئێمە لە دانان و ڕێک‌خستنی گۆڤارێکی نوێ چییە؟ مەگەر پێش ئێمە چەندین گۆڤاری دیکە هەر بەم تەوەر و بابەتانەی ئێمە لە زانکۆدا نەبوون؟ ئایا نەماندەتوانی لەگەڵ ئەوان هاوکار بین و گەشە بە گۆڤارەکانی دیکەی زانکۆ بدەین؟ لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە من پێش لەوەی دەربچم بۆ زانکۆ و خوێندکاری وانەخانە(مدرسە) لە قۆناغی دواناوەندیدا(دبیرستان) بووم، چەندین جار لەگەڵ گۆڤارگەلی خوێندکاریی زانکۆی کوردستان هاوکاریم بوو و هەمیشە هەستم بەوە دەکرد کە بۆشاییێکی ناوەرۆکیتی لە نێو هەموو گۆڤارەکاندا دەبیندرێت. کە دەرچووم بۆ زانکۆ هەوڵی زۆرم دا لەگەڵ چەند گۆڤارێک هاوکاری بکەم؛ بەڵام لە هەموویاندا زاڵبوونی ئیدۆئۆلۆژییەکی تایبەت و زۆرێکی دەرەکی و ناخوێندکاریم بە سەر گۆڤارگەلی خوێندکاریدا (بەداخەوە) بینی؛ هەر بەو بۆنەیەوە هەوڵم دا کە بۆ چۆنیەتیی هەڵس‌وکەوت لەم دۆخەدا لەگەڵ چەند مامۆستا و هاوڕێیەکەم ڕاوێژ بکەم؛ دوای ماوەیەک ئەو بیرۆکەیە لە مێشکمدا درووست بوو کە لە بیری ڕێك‌خستنی گۆڤارێکی نوێدا بین بەڵام بە ئامانجێکی جیاواز لە دیکەی گۆڤارەکان. سەرەکیترین ئامانجی ئێمە لەم گۆڤارەدا ئەوەیە کە بزانین ئێمەی خوێندکار چ بەرپرسایەتی و ئەرکگەلێکمان لە زانکۆدا هەیە؟ ئایا مەگەر ئێمە ناڵێین کە زانکۆ بەشێکی هەرەگرینگ لە کۆمەڵگا و جڤاکی خەڵکییە؟ دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە ئێمە ئەرکی ئەوەمان لە سەر شانە و خۆمان بە بەرپرسی ئەوە دائەنێین کە لە فکری دانانی دەرمان بین بۆ دەرد و زامەکانی زانکۆ. بەڵام لە قۆناغی یەکەمدا دەبێ ئەو زامانە بناسین و بیانناسێنین و جا دواتر، پێویستە پسپۆڕان لە بیری دەرماندا بن. یەک لەو زامانەی کە ئێستا زۆر بەرچاو و زەقە مردنی

ڕۆحیەی پرسیارە لە ناو هەموو خوێندکاراندا! ئەگەر نەختێک لەو ڕۆحیەمان لە ناودا مابێت باش دەبینین کە ئێمەی مرۆڤ ئێستاکە یەکێک لە هەرەگرینگ‌ترینی کارەکان و ئامانجەکانمان بەدەست‌هێنانی ئەو شتانەیە کە لە درێژایی مێژوودا لە دەستمان داوە. یەکێک لەو شتانەی کە بووەتە لەمپەر و کۆسپ بۆ بەدەست‌هێنانی زۆر شت لەوانەی کە لەدەستمان داون، چەمکی سنوورە. ئێمە کاتێک بیر لە چەمکی سنوور بکەینەوە دەزانین کە سنوور و کەوشەنی جوگرافی دانراوی مرۆڤە و پێویست ناکا لە مێشکماندا لەو سنوورە پەیڕەوی بکەین و بە مێشکێکی ئازاد و بێ‌سنوورەوە چاو لە دنیا بکەین تا بەڵکوو لە داهاتوودا ئەو بۆشاییانەی کە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەبیندرێن، چارەسەر بکەین و ئەمجارە بڕۆینە ناو گۆڕەپانێکی گەورەتر و هەوڵمان زۆرتر بەرەو ئاکامێکی گشتی و یەکانگیر بە ناوی ئازادیی مرۆڤەکان لە سەر گۆی گیتی بێت. لە ژمارەی یەکەمدا هەوڵمان داوە لەم پێوەندییەدا چەند بابەتێکمان هەبێت و ڕێگای خۆمان دیاری بکەین و لە ژمارەگەلی داهاتوودا زۆرتر هەوڵ دەدەین کە لە ڕێگای ڕەخنەوە دیالۆگێکی گشتگیر لە ناو زانکۆ و کۆمەڵگادا دروست بکەین و هەموو ئینسانێک بە چاوی خۆی ئەو مافە سەرەتایی و سەرەکییە ئینسانییانەی بناسێت و هەوڵ بدات بۆ ژیانێکی باشتر و نزیک تاکوو هەوڵ بۆ مەرگێکی باش و دوور. لە ئاکامدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە ئێمەی خوێندکار بەرپرسایەتیی زۆرمان لەسەرە و پێویستە لە شوێنگەلێک‌دا بە شێوەی کۆبوونەوە و نووسینی بابەت‌گەلێک لەو پێوەندییەدا، بیروڕا و بۆچوون و هەڵوێستی خۆمان پیشان بدەین؛ لەم دۆخەی ئێستادا ئێمە باشترین ڕێگامان بە گۆڤاری کاغەزی زانی و تا ئەو ڕۆژەی کە بتوانین هەوڵی خۆمان دەدەین و ڕێگە لە شەک و گومان و هزرمان ناگرین؛ بەڵکوو بتوانین ڕۆژێک ئەو ئاکامەی کە لە مێشکماندا هەیە بە چاوی خۆمان ببینین. سپاس بۆ هێزی ناوەکی و سپاس بۆ گومان کە پرسیاری دروست کرد و پرسیار بووە هۆی دروست‌بوونی ئاکادیمیا. بێ‌گومان ڕیساڵەتی ئەفلاتوون لە دانانی ناوەندێک بەناوی ئاکادیمیا هەر پرسیار و گومان بوو و ئێمەش درێژەدەری ڕێگای ئەفلاتوونین.

ئێحسان میرەکی

بەهاری ٢٧١٨

# خاوەنی زێڕ

جحێڵ، چاک و لەبارە خاوەنی زێڕ
ئەگەر پیرێکی خوێن تاڵە و ورگ تێڕ
ڕەزا شیرینە، سۆخمە، قیت و قۆزە
ئەگەر ژنێکە زلە و خوار و شەل و گێڕ
قسەزانە، ئەدیبە، خوێندەوارە
ئەگەر نەی خوێندبێ شەش پیت و دوو دێڕ
سڵاوی لێ دەکەن سەر دادەخەن بۆی
لە ڕێی بازاڕ و لە کۆڵان و لە بازێڕ
بەڵام زێڕت نەبێ سوکی ئەگەر تۆ
بڵێی دەرسی هەزاری وەک (سکسپیر)

هێمن

١

[1] ئەم دەستنووسە لە ئارشیفی د. موفتیزادە بە دەستمان گەیشتتووە

# وتووێژ

## خەسارناسیی زانکۆ و گوتاری زانستی

**(ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ئاکادیمیا و ئەرکی خوێندکار)**

**وتوویژ لە گەڵ دوکتۆر مەسعوود بینەندە**

**(نووسەر، ڕەخنەگر و مامۆستای زانکۆ)**

ئامادەکردنی: ئێحسان میرەکی

(خوێندکاری بەشی کوردیی زانکۆی کورستان، ڕۆژنامەوان)

دوکتور مەسعوود بینەندە لە شاری مەریوان لەدایک بووە، و پلەکانی خوێندنی لە بوارەکانی فیزیا و کۆمەڵناسیدا تەواو کردووە. بۆ ماوەی نیزیک ١٣ ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری توێژینەوەیی -یکاری زرێبار بووە. لە ئێستادا وەکوو ئەندامی دەستەی نووسەرانی دوو گۆڤاری کوردی واتە گۆڤاری وەرزانەی هەنار و گۆڤاری مانگانەی بیروهزر، لە چالاکییەکانیدا بەردەوامە. لە بوارەکانی فەلسەفە و ئەدبیات و کۆمەڵناسیدا خاوەن لێکۆڵینەوە و وتارە و هەروەها وەکوو مامۆستای زانکۆ خەریکی وانەوتنەوەیە. دوکتۆر مەسعوود بینەندە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ ئەندامی چالاکی بزاڤی خوێندکاریی کوردی بووە و لەو مژارەشدا خاوەن دەق و بیروڕا و هەڵوێستە. ئەم وتووێژە لە لایەن گۆڤاری هۆنەوە سەبارەت بە خەسارناسیی گوتاری ئاکادیمیا لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجام دراوە.

### پرسیاری یەکەم:

**ئەگەر بکرێ لەسەر مێژووی چەمکی خوێندکار و ئاکادیمیا یان زانکۆ هەندێک زانیاری بخەنە بەردەستمان؟**

خوێندکار لە زمانی کوردیدا هاوتای وشەی ئینگلیزی student بەکار دەهێنرێت؛ ستوودێنتی ئینگلیزی هەروەتر خۆی لە وشەی estudiant، کە ڕەچەڵەکێکی فەرەنسی کۆنی هەیە سەرچاوەی گرتووە. ئاکادێمیا کە لە کوردیدا، وشەکانی زانکۆ و زانستگەی بەرانبەر دانراوە نێوی باخێک بووە کە ئەفلاتوون، یەکەم قوتابخانە و فێرگەی فەلسەفی خۆی تێدا دادەمەزراندووە و ئەو نێوە تا سەدەکانی ناوەندی و قۆناغی مودێڕن بەردەوام بووە. ئەڵبەتە ئەورۆکە لەشێوازی فەرمیدا زۆرتر لە وشەی

university لە جێگای ئاکادیمیا کەڵک دەگیردرێت کە ئەم وشەیەش ریشەیەکی ئەنگلۆ فرێنچ لاتینی (universitatem, université) هەیە و بە واتای گشت، کۆمەڵ، کۆمپانی، کۆگا و هەموو هاتووە. زۆرجار وشەی uni-versity بە **یەکە و کۆ** (uni) یەکی **فرەچەشن و فرەچەند** (versity) وەردەگێڕنەوە. وشەی خوێندکار دیارە لە ڕیشەی خوێندنەوە هاتووە و بەواتای کەسێکە هەوڵ و پرۆڤەی خوێندن لە شوێنێ وەکوو زانکۆ یان قوتابخانە دەدات و خولیای خوێندنەوە و فێربوونە. **زانکۆ** یان **زانستگە** هەروەتر لە ریشەی زانین و زانستەوە گیراوە و بە پاشگری شوێن(کۆ،گە)، لە شێوازی وشەیەکی لێکدراودا چێ بوویە.

Which? University

**پرسیاری دووەم:**

**ئەو ئاڵوگۆڕە بەرچاوانەی کە لە سەرەتاوە تا ئێستا بەسەر واتای چەمکی خوێندکار و زانکۆ هاتووە چین؟ یان باشترە وەها بڵێم چ جیاوازییێک لە نێوان کارکردی زانکۆ لە ڕابردوو و ئێستا هەیە؟**

وەک ئاماژەمان پێدا یەکەم دەرکەوتنەکانی زانکۆ لە مێژوودا دەگەڕێتەوە بۆ شێوازێکی تایبەت بە نێوی **ئاکادێمیا** کە لە ڕاستیدا جێگرەوەیەک بوو بۆ شێوازەکانی **ئاگۆرا** و **ئەلێکسیا** و **ئۆلەمپیا**. لە ئاکادێمیادا جەخت لەسەر چەشنێک فێرکاریی فیکری و بارهێنانی ڕۆحی دەکرا کە دەکەوتە پاش ڕاهێنانی جەستەیی و فەرهەنگیی سەرەتاییەوە؛ بۆیە هەر لەسەرەتاوە ئاکادێمیا وەکوو **فێرکاریی باڵا** جێگای خۆی بینییەوە. بەگشتی فێرکاریی لە نەریتی ئاکادیمیای ئەفلاتوونیدا بە مەبەستی پێکهێنانی تێڕوانینێکی گشتی سەبارەت بە جیهان و ژیان بەڕێوە دەچوو و ئەم مەبەستەش لە ڕێگای پێوەندی فێرکاری و میتودی لێکۆڵینەوەی فەلسەفییەوە بە ئەنجام دەگەیشت. دەکرێ بڵێین ئاکادێمیا درێژەدەری ئەو ڕێبازە بوو کە سوکراتی لەسەر شەهید کرا؛ واتە ڕوونکردنەوەی بیروهزری لاوان و شارۆمەندان و بەتواناکردنیان بۆ ژیانێکی واتامەند و بەرپرسیارانە لە پۆلیس-شارەکانی ئەو سەردەمەدا. دیارە شێوازی ڕاهێنانی سوکراتی لە شوێن-کاتێکی دیاریکراو و بەپێی

مۆڵەتێکی پەسەندکراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی پۆلیسی ئاتێن بەڕێوە نەدەچوو؛ ئەوە بوو کە لە کۆتایدا وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی دیموکراسی درایە قەڵەم و سوکراتی لەسەر سزا درا. هەربۆیە دەتوانین بڵێین **ئایدیای سوکراتی** واتە **ئایدیای رۆشنگەری** بەردی بناغە و هەوێنی سەرەکی دیاردەی ئاکادیمیا بووە و لە رەوتی گەشەکردنیدا تا ئێستێ یەکێ لە کارکردە سەرەکییەکانی ئەم دەزگایەی لە خۆ گرتووە کە زۆرجار کەوتۆتە پەراوێزەوە و غەدری لێکراوە و زۆرجاریش ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساوە بێتە رۆژەڤەوە و ئەرکی خۆی بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر بگێڕێت. ئەگەر بمانەوێ ئاوڕێکیش لە وڵاتانی رۆژهەڵات و بەتایبەت ئێرانی کۆنی پێش ئیسلام بدەینەوە وادیارە هەندێ نموونە لە شێوازی نزیک بە ئاکادێمیای یۆنانیدا هەبووە بەڵام قەبارە و کارکرد و شێوازی هەڵسووڕانی بۆ ئێمە زۆر روون نییە. پاش ئیسلام هەروەها باسی قۆناغی رێنێسانسی ژیاری ئیسلامی لە سەدەکانی سێهەم تا پێنجەمی کۆچی دەکرێت کە تێیدا زانکۆ و مەدرەسەکانی **نیزامییەی بەغداد** و **شارەزوور** و **دیاربەکر** دەورێکی ئەوتۆیان لە وەرگێڕانی هزر و فەلسەفەی یۆنانی و هەروەتر گەشەکردنی ئەندێشە و زانستدا هەبووە. لە **سەدەکانی نێوەندی**(middle age)دا کە زۆرجار بە **قۆناغی تاریکی** نێوزەد کراوە ئاکادیمیا لە شێوزای کلاسیکی یۆنانیدا بەتەواوەتی بنەبڕ دەکرێت و چەشنێک پەروەردە و فێرکاریی ئیلاهیاتی مەسیحی جێگای دەگرێتەوە. بێگومان دەور و کارکردی ئەم چەشنە دەزگا فێرکارییە ئایینیانە زۆر جیاواز لە کارکردی سەرەتایی ئاکادێمیا دەرکەوتووە و بەگشتی وەکوو مەکۆیەک بۆ پەرەپێدان و داسەپاندنی **ئایدۆلۆژیای کلێسە** ئەرکیان گێڕاوە. لە سەدەی هەشتەمی زایینیدا و لە **قۆناغی شاڵمانی** بەدواوە یەکەم مەدرەسە زانستییەکان بەشێوەیەکی سەرەتایی و ناتەواو دەکرێنەوە؛ بەڵام لە **سەدەی سێزدە** بەدواوەیە کە یەکەم زانکۆی فەرمی واتە **زانکۆی پاریس** دادەمەزرێت. لە سەردەمی دامەزراندنی زانکۆی پاریس وەکوو چەشنێک ژیانەوەی ئاکادێمیای یۆنانی بەڵام بە پێکهاتە و کارکردێکی جیاوازەوە تاکوو

سەردەمی مودێڕن، ئایدیای زانکۆ **چوار قۆناغی سەرەکی**[٢] بڕیوە کە بریتین لە: ١. قۆناغی یەکەم کە قۆناغی دەسپێک دەگرێتەوە (زانکۆی پاریس)؛ ئایدیای زانکۆ بریتیی بووە لە **«ئایدیای فەلسەفی خزمەت بە ئیلاهیات»**(تیۆلۆژی). ٢. قۆناغی دووهەم کە بەرەی نوێی زانکۆکان لە سەدەی هەژدە لەخۆ دەگرێت، ئایدیای زانکۆ بریتی بووە لە **خزمەتکردن بە دەوڵەت-نەتەوە** دامەزراوەکانی ئەورووپا و ئەم ئەرکە بە ناوەندێتی **زانکۆی هالە** بەڕێوە دەچوو. ٣. سێهەمین قۆناغ بە **«ئایدیای بەدواداچوونی حەقیقەت»** و بە دامەزراندنی **زانکۆی بەرلین** لە لایەن فریدریش فۆن هۆمبۆلتەوە لە ویلایەتی پرووس درێژەی پێ دەدرێت. ٤. چوارەمین قۆناغ کە لە دەیەکانی رابردوو لە **زانکۆکانی ئەمریکا** هاتۆتە ئاراوە، **«ئایدیای زانکۆی بەرهەمهێنەری کار و داهات»**ە کە وەکوو دابڕانێکی سەرەکی لە قۆناغی ئایدیای پێداگر لەسەر حەقیقەت رەچاو دەکرێت. ئەم قۆناغانە هەرکام لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی و بەپێی هەلومەرجێکی مێژوویی تایبەت هاتوونەتە ئاراوە و هەر بەو پێیە کارکرد و شێوازێکی تایبەتیان بە زانکۆ و خوێندکار بەخشیوە. کاتێ لە سەدەکانی ١١ بەدواوە جمووجووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئەورووپا زۆرتر دەبێت، پێویستی بە ناوەندی پسپۆڕی تاڕادەیەک سەربەخۆ لە دەسەڵاتی کڵێسەکان دێتە ئاراوە؛ ئەم دابەشکاری و جیاوازبوونەوە کە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی چەشنێ ئابووری سەرمایەدارییە، دەرکەوتەکانی لە تەفکیک و دابەشبوونی بوارە ئایینی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگا بەم چەشنە دەنوێنێت. قۆناغی دووهەم قۆناغی پاش رێنێسانس و پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوەکانە؛ قۆناغێک کە ئاکامەکانی **ریفۆرماسیۆنی دینی** و **رۆشنگەریی فیکری** بەرەو چەشنێک ئاڵوگۆڕی بنەمایی لە قەبارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهانی فیودالی و پاشایەتی روو دەنێت.

---

[٢] سفیدخوش، میثم (١٣٩٥)؛ دیباچەی ایدەی دانشگاه، تهران: انتشارات حکمت.

لەم قۆناغەدا دەسەڵاتەکان پێویستیان بە چەشنێک زمان لۆکاڵی و زانستی بەکارهێنەرانەیە تاکوو بتوانێت لە هاوبەندیی نوێی دۆخی ئابووری و سیاسی وڵاتاندا یاریدەریان بێت. لە قۆناغی سێهەمدا هەوڵ بۆ سەربەخۆبوونی زانکۆ و مەعریفەی زانستی لە ئاست ناوەندەکانی دەسەڵات و هەروەتر بوارەکانی بازاڕی ئابووری دەدرێت تاکوو گوتاری زانستی بتوانێت لەشێوازێکی سەربەخۆ و بەبێ هیچ گوشار و تەنگەبەرییەکی دەرەوەیی روو لە گەشەکردن و پەرەئەستاندن بکات. پرسی سەرەکی بەڕێوەبەرانی ئەم قۆناغە لە زانکۆی بەرلین؛ **شلایەرماخێر** و **هۆمبۆڵت**، ئەوە بوو کە چلۆن بتوانن زانستی رزگارکراو لە چاوەدێرییەکانی دەسەڵاتی کڵێسە بەرەو چەشنێک خودموختاری بەرن کە ئەگەری دیسانەوە ژێردەستەیی و قۆرخکردنی لە لایەن بوارەکانی ئابووری بازاڕ و دەسەڵاتی دەوڵەتییەوە لە ئارادا نەبێت. لەم سەرووبەندەدا بەپەرۆشبوونی حەقیقەت و راستی، بەشەکانی فێرکاری و لێکۆڵینەوە لە زانکۆ پێکەوە گرێ ئەدات و رێگە بۆ سەرهەڵدانی **میتۆدۆلۆژیای زانستی** ئاوەڵە دەکات. سووربوون لەسەر سەربەخۆیی ئاپاراتووسی زانکۆ لە قۆناغی سێهەمدا هەرچەندە مەبەستی زانتستیخوازانەی لەپشتە بەڵام درم و خەساری تری بەدواوە دێت؛ ئەوەی کە ئەم دەزگایە لە ئاست ژین-جیهانی کۆمەڵگا و کێشەکانی، بێدەروەست و بێهەڵوێست دەربکەوێ و لە چەشنێک خۆبەستەیی و داخراویدا رۆ بچێ. بەشێوەیەکی دژوازانە هەروەها ئەم شێوازە لە **سەر-بە-خۆ-بوون** دەتوانێ ئەگەری ژێردەستەیی و کەوتنێکی بنەمایی تری بەدواوە بێت؛ کاتێک بیرۆکراسی زانکۆ و گوتاری زانستی، خۆی راستەوخۆ پێوەندییەکانی لە ئاست دەسەڵاتی سیاسی و خواستی ئابووری بازاڕ رەچاو بکات. واتە زانکۆ لەهەمبەر دوو سەرچەشنی سەرەکی خودموختاریدا رووبەڕوویە کە شێوازێکیان؛ خۆسەریی رێسایی (normative autonomy)، دەتوانێت بۆ مەبەستی حەقیقەتخوازانە بەکەڵک بێت و شێوازێکی تریان؛ خۆسەریی سیستەمی( systemic autonomy) بەپێچەوانەوە، دژ بەومەبەستە بوەستێت.

بە وتەی **هابرماس**[3] پاش شەڕی دووهەمی جیهانی گۆڕانکارییەکی بنەمایی لە سیستەمی زانکۆ و ناوەڕۆکی زانستیی زانکۆکانی جیهاندا دێتە ئاراوە کە **تالکۆت پارسۆنز** بە **شۆڕشی فێرکاری** ناوی لێ دەبات. لەم قۆناغەدا دابەشکارییەکی بەرچاو لە ئاست بەستێنەکانی زانست بەپێی **پارادایمی نەزەری** و **ڕێڕەوی میتۆدۆلۆژیکی** بۆ هەر بوارێک دێتە ئاراوە و پێوەندییەکانی دامەزراوەی زانکۆ لە ئاست بوارەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا و بازاڕ روونتر و تۆکمەتر دەبێت. ئەگەر ئاوڕێک لە ڕەوتی گۆڕانکاری و گەشەی زانکۆ لەو چوار قۆناغەی ئاماژەی پێدرا بدەینەوە، ڕەوتی گۆڕانکاریی ئایدیای زانکۆمان لە ڕەوتی مێژوودا بۆ دەردەکەوێت. **ڕەوشتی ئەفلاتوونیی فەلسەفە** کە بە وتەی هابرماس خۆی لە یەکگرتویی **پێداگۆژی** و **فێرکاریی گشتی** و هەموانیدا دەبینێتەوە وەکوو سەرچەشن یا خود مەبەستێکی زاڵ لەم ڕەوتەدا ئامادە بووە و بە تایبەت لە قۆناغی سێهەمدا هەوڵ دراوە کە گشتێتی و ئارمانی مەعریفەناسانە و ئاکارمەندانەی فەلسەفە وەکوو بنچینەیەکی سەرەکی بۆ یەکگرتووکردنی بەستێنەکانی زانست و کۆمەڵگا کەڵکی لێ بگیردرێت. واتە ئایدیای ڕۆشنگەرانە و رزگاریخوازانەی فەلسەفە بتوانێ ببێتە مەکۆیەکی هاوبەش بۆ زانستە جیاوازەکان و هەروەتر نزیککردنەوە و هاوگرتوویی **«لێکۆڵینەوە و فێرکاری، بوارەکانی زانست، زانست و فێرکاریی گشتی**، و **زانست و ڕۆشنگەری»** دەستەبەر بکات. ئەم مەبەستە یۆتۆپیاییە بەڕای هابرماس بە بۆنەی سەربەخۆیی زانستەکان لە ئاست یەکتر و هەروەتر پسپۆڕانەبوون و کارکردیبوونی زانست لە ئاست پێداویستییەکانی بەستێنی **تەکنۆلۆژیا** و **ئابووری**، نەگەشتە قۆناغی جێبەجێکردن. لەم ڕەوتەدا فەلسەفە و ئایدیای ڕۆشنگەرانەی فەلسەفە، هەیمەنە و سەروەری خۆی دەدۆڕێنێ و وەکوو بەستێنێکی پەراوێزی لە ئاست زانستی سرووشتی و بواری تەکنیکی لە زانکۆدا، بەشێوەیەکی لاواز درێژە بە

---

[3] هابرماس، یورگن (۱۳۹۵)؛ ایدەی دانشگاه، فرایندهای یادگیری، ترجمەی روح‌الله رمضانی، در ایدەی دانشگاه، گزینش و ویرایش میثم سفیدخوش، تهران: انتشارات حکمت.

ژیانی خۆی ئەدات. لەم سەردەمەدا ڕەوتی **عەقڵانییەتی ئامێرمەندی** بەرئاماژەی **ماکس ڤێبەر**، بەسەر میکانیزمی زانکۆ و زانستدا زاڵ دەبێت و ئایدیای زانکۆی، لە پێناو گەشەکردنی ئابووری و پێویستییەکانی دەسەڵاتدا خستۆتە گەڕ؛ و بەم چەشنە قۆناغێکی ئێجگار نوێ لە مێژووی زانکۆ و پێوەندییەکانی دەگەڵ کۆمەڵگا و بایەخە مرۆییەکان هاتۆتە ئاراوە. ئەم چەشنە بیرۆکراسی و تەکنۆکراسییە کە ژین-جیهانی زانکۆ و گشت کۆمەڵگای خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە لە شەستەکانی زایینیدا لە لایەن **بزاڤە خوێندکاری** و **کۆمەڵایەتییەکانەوە** کەوتە بەر ڕەخنە و لۆمەکردنی توندەوە و بەرگریی و ڕووناکبیرییەکی ئەوتۆی لەئاست ئەم شێواز و کارکردە تازەیەی زانکۆ و زانست، هێنایە ڕۆژەڤی فەرهەنگ و سیاسەتی جیهانییەوە. بەگشتی لە ڕابردووودا واتە قۆناغی پێشمۆدێرن، زانکۆ دیاردەیەکی کاریگەر و نێوەندی نەبووە بەڵکوو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە بۆ بەرهەمهێنانەوەی دۆخی هەبوو و سەقامگرتوو؛ واتە بەگشتی کارکردێکی پارێزکارانە و پاراستنگەرانەی لە ئاست نەزم و هاوبەندیی نەریت و ڕێسا باوەکان جێبەجێ کردووە. تەنها لە قۆناغی مودێڕن دایە کە زانکۆ دەبێتە پرسگر و دیاردەیەکی بابەتیانە؛ بەوبۆنەوە کە هاوتەریب دەگەڵ **لۆژیکی مۆدێڕنیتە** هەوڵی گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوون ئەدات و وەکوو هێما و سیمبولێک بۆ پەرەسەندن و گەشەکردن دێتە ناساندن. زانکۆ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات هاوچەشنی وڵاتانی ڕۆژئاوا نوێنەری عەقڵییەتی مودێڕنە و خاوەنی **خولیای فاوستیی دەسبەسەرگرتنی سروشت** و کۆمەڵگای مرۆییە. **فۆکۆ** وتەنی گوتاری زانست و دامەزراوەی زانکۆ چەشنێک **تەکنۆلۆژیای بیروهزرە** کە لە دووی پێکهێنانی هاوبەندییەکی نوێ دەگەڕێ کە تێیدا مرۆڤ وەکوو ئۆبژەی ناسین و کۆنترۆڵکردن هەڤساز بدات. سەرەڕای لایەنی تەکنۆلۆژیک و بیرۆکراتیکی زانکۆ کە گوتاری زاڵی ئەم ناوەندەیە، لایەنێکی ڕۆشنگەرانە و ڕزگاریخوازانەشی تێدا بەدی دەکرێت کە بەگشتی ڕەگەزێکی حاشاهەڵنەگری خودی ڕەوتی مۆدێڕنیتەوە و لە هەناوی

دژوازییەکانیدا بەردەوام ئامادەیە. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەت ئێران، لایەنی بیرۆکراتیک و تەکنۆکراتیکی زانکۆ دەستی باڵای هەیە و لایەنی رۆشنگەرانە واتە **فەرهەنگ و پایدیای مۆدێڕن** تا رادەیەکی زۆر غایبە. هەر لە سەردەمی دامەزراندنی **دارئەلفونوون** (١٨٥١) و دواتر مەدرەسە پەروەردەیی و سیاسییەکان و پاشتر دامەزراندنی **زانکۆی تاران**(١٩٣٤)، پێکهێنانی زانکۆ و پەرەپێدانی زانست، مەبەستێکی دەوڵەتی و بیرۆکراتیکی هەبووە و وەکوو کەرەسەیەک لەپێناو راهێنانی کارناس، موهەندیس و پسپۆڕ بۆ دەزگای نیزامی و ئیداری دەوڵەت ئەرکی گێڕاوە. جیاوازییەکی سەرەکی زانکۆکانی ئێران لە گەڵ زانکۆکانی رۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی پێکهاتەی دەوڵەت و بازاڕ؛ بەو چەشنەی کە لە درێژەی ئەم سەد ساڵەی رابردوودا ئەمە دەسەڵاتی دەوڵەتی و بەگشتی ئابووری سیاسی دەوڵەت بووە کە هەوڵی پاوانکردن و بەکەرەسەکردنی زانکۆ و زانستی داوە؛ هەربۆیە **بەرەی زانستیی نێو زانکۆ** و **بەرەی رۆشنبیریی دەرەوەی زانکۆ** بەهۆی ئەو بەرامبەرە هاوبەشەوە، پلان و ئارمانجی نیزیک لەیەکیان بەڕێوە بردووە و کاریگەری ئەوتۆشیان لەسەر یەکتر داناوە. لە زانکۆکانی ئەورووپادا بەتایبەت لەم چەند دەیەی رابردوودا بە هۆی گوشاری راستەوخۆی میکانیزمی ئابووری بازار لەسەر زانکۆ، سنووری نێوان رەوتی زانستی نێو زانکۆ و رەوتی رۆشنبیریی دەرەوەی زانکۆ بەرچاوترە و بەکاڵابوون و **کۆیلەگەری**(servility) ئاکادیمیا دیارترە. لایەنی رۆشنگەرانی زانکۆ و زانست ئەڵبەتە رانەوەستاوە و چ لە ناوەوەی زانکۆ بەتایبەت لە رەوتی زانستە مرۆیی-کۆمەڵایەتییەکاندا و چ لە دەرەوەی زانکۆ لە رەوتی **رۆشنبیریی گشتی** (public intellectual)دا بەردەوام پێوەندی بە بیروڕای گشتییەوە هەبووە و لە بایەخ و خواستەکانی جەماوەر و کۆمەڵگای مەدەنی بەرگری کردووە. لەم چەندساڵەی رابردوودا پەرەئەستاندنی رەوتی بەکاڵاکردنی پەروەردە و فێرکاری کە نیشان لە رەوتی جیهانیی نیۆلیبرالیستی وەردەگرێ و تەنانەت مەبەستە سیاسی و ئەمنییەکانی دەوڵەت لە نێو خۆدا رۆ دبات، روخساری ئاکادیمیا و زانستی

زانکۆیی شێواندوە و کارکردی ڕۆشنگەرانەی زانکۆی تا ڕادەیەکی زۆر تەریک خستووە. خوێندکار هەم لە بابەتی هەڵبژاردنی بواری خوێندن، هەم لە بواری چۆنییەتی پرۆڤە و تاقیکاریی وانەکانیدا بەخەستی لەژێر کاریگەری عەقڵییەتی کەرەسەمەندانەدایە و مەبەستی ڕووناکبیری و سیاسی لەبیر کردووە. ڕەوتی سیاسەتسڕینەوە، **داشکاندنی سیاسەت و هزر بۆ سەربەڕێوەبەرایەتی** (management)، دەسبەرداربوونی ئارمانجی فەرهەنگی و مرۆیی، زاڵبوونی بایەخی ئابووری و... لەو درم و خەسارانەیە کە تووشی ئاکادیمیای ئەم سەردەمە و خوێندکارانی ئەوڕۆی زانکۆ هاتووە. بەسەر هەموو ئەم خەسارانەدا ناکرێ دووبەرەکی و دژیەکییەکی ڕەها و توندوتۆڵ لە نێوان بەستێنی زانکۆ و بواری ڕۆشنبیریدا ڕەچاو بکەین. هەروەها کە گوتاری ڕۆشنبیری خاوەنی چەنددەنگی و فرەچەشنییە، گوتاری زانکۆش داگری دژوازی و ناچونیەکییە و ئەمەش ڕێگە لە داخراویی ئێجگاری و بەکاڵابوونی تەواوەتیی دەگرێت. بەشێک لە شوناسی ئاکادیمیا لە دەرەوەی خۆی واتە لە نێو ئانتاگونیزمی کۆمەڵگادا و بابەتی سیاسیدایە هەر بۆیە وێناکردنی شوناسێکی **خۆبەستە و کۆبەستە**(identitarian) لە ئاکادیمیا و هاوچونیەکی دەگەڵ خۆیدا نامومکینە. تەواوی ئەو وهمبازانەی کە لە ساختەکردنی بەرانبەرکێی دوانەبینانەی **زانکۆ/ ڕۆشنبیری** بازاڕی خۆیان گەرم دەکەن، لە پارانۆیایی سیستەمدا ڕۆ دەچن و ناتوانن دینامیزمی چالاک و بگۆڕی ئەو بوارانە ببیننەوە.



**پرسیاری سێهەم:**

**مامۆستا هەروا کە دیارە دەوری خوێندکاران لە مەودای مێژوودا گۆڕاوە؛ بەڕای ئێوە ئەگەر بمانەوێ ئاماژە بە چەند دەورێکی گرینگی خوێندکاری ئەمڕۆ بدەین، ئەوانە کامەن؟**

بێگومان بەپێی گۆڕانکاریی ئەرک و کارکردی زانکۆ و هەروەتر گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، دەوری خوێندکاریش لە ڕەوتی مێژوودا تووشی ئاڵوگۆڕ هاتووە. ئەوەی ئێمە بتوانین بە بەڵگە و ئارگیۆمێنتەوە لەسەری بدوێین قۆناغی نوێی ژیانی زانکۆ و چالاکی خوێندکارییە کە زۆرتر قۆناغی چوارەم واتە سەردەمی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا **شۆڕشی سیستەمی پەروەردە، پەرەئەستاندنی خوێندنی باڵا** و **ژیانی خوێندکاریی** لە رووبەری زۆربەی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا؛ بەتایبەت چینی نێوەنجی، بووە هۆی ئەوەی کە دامەزراوەی زانکۆ و فیگۆری خوێندکار، وەکوو دیاردەیەکی گرنگ و کاریگەر لە پانتایی کۆمەڵگای نوێدا بێنە رۆژەڤەوە. هێزگرتنی **دەوڵەتی ئاسوودەیی گشتی**(welfare state)، پەرەئەستاندنی **چینی نێوەنجی** بەدوای خۆیدا هێنا و بەرەی لاوی ئەم چینە دەرفەتی رۆیشتن بۆ زانکۆ و هەروەها کاتی ئازادیان بۆ رەخسا کە بتوانن بێ گرفت بەدوای حەز و خواستەکانی خۆیان کەون و هاوکات ئەرکی فێربوونی زانستی، و چالاکی فەرهەنگی و سیاسی بەڕێوەبەرن. لە بەستێنی **شەڕی سارد** و بلۆکبەندی جیهانیدا، سیاسەتی دەستێوەردانی هەردوو جەمسەری دەسەڵاتی زلهێز لە زۆربەی وڵاتانی پەراوێزیدا، کارەساتی مەزنی مرۆیی لێکەوتەوە. کوودەتای سەربازی و دەوڵەتی دیکتاتۆری بە پشتیوانی زلهێزەکان، بزووتنەوە مەدەنی و خوێندکارییەکانی ئەو وڵاتانەی سەرکوت دەکرد و هەڵگیرساندنی شەڕ و کۆمەڵکووژی لە **ڤییەتنام**، **جیهانی سێهەم** و **ئەمەریکای لاتین**، مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوە بندەستەکان و هەروەها ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی لە رووبەری جیهانیدا پێشێل دەکرد.

قەیرانی حیزبە کلاسیکەکانی چەپ کە لە سیستەمی دەسەڵاتی دەوڵەتیدا ڕۆچووبوون و تووشی گەندەڵی و پارێزکاریی سیاسی هاتبوون بێهیواییەکی بەربڵاوی سەبارەت بە سیاسەتی بیرۆکراتیکی حیزبی پێک هێنابوو. ئەم دۆخە نالەبارە لە ئاستی سیاسەتی جیهانیدا هاوکات بوو لەگەڵ داخراوی و بێهەڵوێستی زانکۆ کە وەکوو یەکەیەکی بیرۆکراتیک و بەپێی ڕێسایەکی **پلەبەندی** (hierarchy) بەڕێوە دەچوو؛ و فەزایەکی ئاسنین و تاقەتپڕووکێنی بۆ خوێندکاران بەدی هێنابوو کە ڕێگای لە هەڵسووڕان و چالاکی ڕەخنەگرانەی ئەوان لەمپەر کردبوو. لە شەستەکان و سەرەتاکانی دەیەی حەفتای زاینیدا شۆڕشە خوێندکارییەکان لە فەرەنسا و زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا دژ بە بیرۆکراتیزمی زانکۆ و بایەخەکانی کۆمەڵگای مەسرەفی هەڵگیرسا و بە هاوجووتبوون دەگەڵ سیاسەتی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان وەکوودژایەتیکردنی سیاسەتی شەڕخوازانە، پشتیوانی مافی مەدەنی کەمینەکان، ژنان، کرێکاران و...، و پێداگری لەسەر پاراستنی ژینگە و مافی نەتەوە بندەستەکان،گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان لە پانتایی فەرهەنگی سیاسی گشتی و شوناس و پێناسە چەقبەستووەکان هێنایە ئاراوە.




**هێربێرت مارکۆزە**

ئەم بزاڤە خوێندکارییانە پێناسە و داڕشتنەوەیەکی نوێیان لە فیگۆری خوێندکار و ئەرکی خوێندکاری بەدی هێنا و بەم چەشنە پراکتیسی ڕەخنە خستنەسەر دەسەڵات و ڕووبەڕووبوونەوە لەهەمبەر **«داخراویی سیاسی و کۆمەڵایەتی»**، وەکوو ئەرکێکی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیە پێناسە کرا. چەمکی خوێندکار چەمکێکی مێژووییە و لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و بەستێنی سیاسی جیاوازدا هێما و

دەلالەتی جیاواز لەخۆ دەگرێ؛ هەروەها کە دەزگا و دامەزراوەی زانکۆ خاوەنی پێکهاتە و کارکردی مێژوویی بووە، سووژەی خوێندکاریش لە ململانێ لەگەڵ دەستوپێوەندییەکانی دەسەڵاتدا بەرهەم هاتووە و دەبێ لەو بەستێنەشدا دەور و ئەرکی بخوێنینەوە. دەکرێ بڵێین ئایدیای قۆناغی سێهەمی زانکۆ واتە پێداگری لەسەر حەقیقەت، لە بەستێنی مێژوویی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا شێوازبەندییەکی جیاوازی بەخۆوە بینی و بە پێکهێنانی پێوەندییەکی ئۆرگانیک دەگەڵ بابەتی سیاسی و دۆخی گشتی، ئایدیا و پێناسەیەکی نوێی بۆ **خوێندکار** بەدی هێنا: **پێداگری لەسەر حەقیقەتی سیاسی و گشتی.** واتە لێرەدا چەمکی خوێندکار هاوکات کە هەڵگری ئایدیای پێداگری لەسەر حەقیقەتی مەعریفی و زانستییە، ئاماژە بە حەقیقەتێکی بەربلاوتر دەدات کە پێوەندیی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا ڕێکدەخات و کارکرد و دەوری بنەماییان دیاری دەکات. لەم سەردەمەدایە کە هەم ڕەخنەی مەکتەبی فرانکفۆرت و هەمڕەخنەکانی پۆستستراکچراڵیستەکان، هەرکامەو لە سۆنگەیەکەوە ڕەخنە ئاراستەی بێلایەنی و سەربەخۆیی دامەزراوەی زانکۆ و زانست دەکەن و پێوەندی بنەمایی دەسەڵات و زانایی روون دەکەنەوە. فرانکفۆرتییەکان بە وەرگرتنی چەمکی **«عەقڵانییەتی مەیلەو مەبەست»** یان **ئامێرمەند**، پێیان وایە ئەم چەشنە لە عەقڵانیبوون بە تەنینەوەی سەرتاسەری ژیانی مرۆڤ، بەسەر شێوازەکانی تری عەقڵانییەتدا سەرکەوتووە و بە سڕینەوەی پێوەندی بایەخە گشتییەکان لەگەڵ فاکتەکاندا؛ واتە گوتاری زانستی، ڕێگەیان بۆ بەدیهاتنی قەفەسی ئاسنینی بەرئاماژەی **ڤیبەر** ئاوەڵە کردووە. **فۆکۆ** هەروەها پێی وایە ئەمە دیسکۆرسی زانستییە کە حەقیقەت پێکدێنێت و خودی گوتاری زانستیش بەرهەمهێنراوی تۆڕەکانی دەسەڵاتە؛ بۆیە دەڵێت **عەقڵ تەکنۆلۆژیای دەسەڵات و زانست کەرەسەی باڵادەستی و دەسڕۆیشتوییە.** فۆکۆ پێی وایە سەردەمی ڕۆشنگەری سەرەڕای دۆزینەوەی ئازادییەکان، **بەندوبەست و توندایەتی**(discipline) یەکانیشی بەرهەم هێناوە. لە کەشوهەوای ئەم ڕەوتە

رەخنەگرانەییانەدا، خوێندکار خۆی لە وهمەکانی **زانایی پاقژکراو** و **زانستی رووت و ڕەها** دەرباز دەکات و هاوبەستەییەکانی دامەزراوەی زانکۆ و دیکەی دامەزراوەکانی دەسەڵات دەبینێتەوە. لەم سەرووبەندەدا ئەرکی خوێندکار دەبێتە فێربوون و بەرهەمهێنانی زانستێکی رەخنەگرانە و خەڵکی، کە جێگایەک بۆ بەدەروەستبوون و هۆگریی بایەخە گشتییەکان وەکوو **ئازادی** و **بەرابەری** بکاتەوە. هەرچەندە لەم چەند دەیەی رابردوودا بە هێزوەرگرتن و سەروەریی جیهانیی رەوتی نیۆلیبرالیزم و تاکرەوی بازاڕی ئازادی سەرمایەداری، زانکۆ بەرەو چەشنێک کارکردیبوون و بەئابووری‌بوون رانراوە و رەوتی **سیاسەت سڕینەوە** باڵی بەسەر ناوەندە زانستییەکانی جیهاندا راکێشاوە.

**پرسیاری چوارەم:**

**وا دیارە کە لە سەردەمی نوێدا دەوری زانستە مرۆییەکان زۆر کەم بووەتەوە و تا ڕادەیەک کە دۆخ و ئاستی بوارەکانی پێوەندیدار لەگەڵ ئەم بەشە واتە زانستە مرۆییەکان لاواز بووەتەوە و ئەمە وا دیارە کە سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ زانکۆ کە خوێندکارانێک کە لە بواری زانستیدا لە ئاستێکی باشتردان لە بەشەکان بیرکاری و... کار ئەکەن بەڵام خوێندکارانێک کە لاوازترن ڕوویان هێناوەتە زانستە مرۆییەکان کە دەوریان زۆر گرینگترە لە پێشچونی کۆمەڵگا. ڕای ئێوە چییە؟**

هۆکارەکانی ئەم جیاکاری و لاوازییە کە بەرۆکی زانستە مرۆییەکانی گرتۆتەوە هەم مەعریفەناسانەیە و هەم سیاسی؛ واتە هۆکاری ناوەکی و دەرەکی لە ئاست رووبەری زانکۆ و چوارچێوەی زانست تێکئاڵاون و لە بەدیهێنانی ئەم دۆخەدا بەشێوەیەکی هاوبەش کاریگەری دەنوێنن. دەکرێ ریشە و ئاخێزی ئەم دابەشکاری و جیاوازییە کە ئەوڕۆکە لە نێوان **زانستە مرۆییەکان** و **زانستە سرووشتییەکان**دا دەبینرێت بۆ چەند سەدە پێشتر بگەڕێنینەوە کە تێیدا ریزبەندییەکی تایبەت لە نێوان بوارەکانی مەعریفە و زانستدا بەپێی بایەخداربوون یان بێ‌بایەخی ئەو بوارانە لە ئاست بەرژەوەندییەکانی حکوومەت،هاتبوە ئاراوە.




له وتارێکی **ئیمانوێل کانت**دا ئەم جیاکاری و بەیەک‌چاو سەیرنەکردنەی بوارە مەعریفییەکان، بەم شێوەیە ئاماژەی پێ دەدرێ: «کۆلێژەکان بەشێوەیەکی نەریتی لەسەر دوو پلە دابەش کراون: سێ **کۆلێژی باڵادەست** (higher faculties)[ئیلاهیات، پیزیشکی و ماف] و یەک **کۆلێژی ژێردەست**(lower faculty) [فەلسەفە] روونە کە ئەم دابەشکاری و ناودێرکردنە، چ پێوەندییەکی بە بە پسپۆڕانی ڕاهێنراوەوە نییە، بەڵکوو لە پێوەندی لەگەڵ حکوومەتدا هاتۆتە کایەوە و وەرگیراوە؛ بۆیە کۆلێژێک تەنها ئەو کاتەی بە باڵادەست دانراوە کە وانە و فێرکارییەکانی- هەم لە بواری ناوەرۆک و هەم لە بواری شێوازی ئاراستەکردنیان بۆ هەمووان- بەرژەوەندییەکانی حکوومەت ڕەچاو بکات، لە حاڵێکدا ئەو کۆلێژەی کە ئەرکی تەنها بەرگریی لە پەرۆشییەکانی زانستە، بە ژێردەست ناوزەد کراوە...»[٤]؛ کانت لە درێژەی باسەکەیدا سەرەڕای بەڕەوادانانی جیاوازی و مشتومڕی ئەو بوارانە، پێی وایە دەبێ ئەو پێوەندییە لە شێوازی نابەرابەری **باڵادەست/ ژێردەست** دا هەڵبوەشێتەوە و هەڵاواردنی نێوانیان بسڕدرێتەوە.

---

٤ کانت، ایمانوئل (١٣٩٥)؛ نزاع دانشکده‌ها، ترجمه معصومه موسوی، در مجموعه مقاله ایده‌ی دانشگاه، گزینش و ویرایش میثم سفیدخوش، تهران: انتشارات حکمت.

دیارە لەو سەردەمەدا هاوبەندیی بوار و کۆلێژەکانی زانکۆ، جیاوازییان لەگەڵ ئێستا هەبوو بەڵام توخمی هاوبەشیان ئەو کارکردەیە کە بوارە زانستییەکان دەتوانن لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەت و هەروەها ئابووریی بازاڕدا ببیەن بەڕێوە. وەک لە پرسیاری پێشووتردا ئاماژەم پێدا چاکسازانی پرووسی واتە هومبۆڵت، شلایەرماخێر، فیشتە و شلینگ بەپێی ئایدیای رۆمانتیکیی زانکۆ هەوڵیان دەدا ئەم پێوەندییە هەڵاواردنگەرانە لە نێوان بوارەکانی زانست و مەعریفەدا بسڕنەوە و بە ناوەندێتی ئایدیای فەلسەفی، چەن مەبەستی سەرەکی بەدی بێنن: **یەکەم** یەکگرتوویی بوارەکانی زانست و هەروەها زانست و لێکۆڵینەوە؛ **دووهەم** یەکگرتوویی زانست و بوارەکانی ئاکار و هونەر؛ **سێهەم** یەکگرتوویی زانست لەگەڵ راهێنانی گشتیدا؛ **چوارەم** فەلسەفە وەکوو ئاوێنەی باڵانوێنی گشتێتی فەرهەنگ کە بتوانێ یەکگرتوویی زانست و رۆشنگەری دەستەبەر بکات. چەقی هەموو ئەم ئارمانجانە لە **«سەرچەمک»**ێکی ئاڵمانیدا بە نێوی **بیلدوونگ** (bildung) خۆی دەبینێتەوە کە دەکرێ بە **پەروەردە و راهێنان** وەرگێڕی بکەین؛ بەڵام تا ئێستا لە واتا و دەلالەتی جیاوازدا وەکوو پەروەردەی رۆحی و دەروونی، گەشەی فەرهەنگی، فێرکاری و پەروەردەی فیکری، و شێوازە پێشکەوتووەکانی فەرهەنگی مرۆیی بەکارهێنراوە. **هێگێل**، بیلدونگ بە کۆی ئەو ئەزموونانە رەچاو دەکات کە شوناسێکی یەکگرتوو و هەستی چارەنووسێکی هاوبەش بۆ خەڵکی بەدی دێنن. **کانت** هەروەتر لە پێناسەی رۆشنگەریدا ئاماژە بە تێپەڕاندنی نابالقی لە رێگای ئازایی بیرکردنەوە و تێفکرینەوە ئەدات(sapere aude[5]) کە ناڕاستەوخۆ وەکوو هێمایەکی چەمکی بیلدوونگ دەکەوێتە پێش چاو. تێکڕای ئەم بیرمەندانە بە هەنێ جیاوازییەوە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە زانکۆ وەکوو مەکۆی پێداگریی و بەدواداچوونی حەقیقەت دەتوانێ

---

[5] رستەیەکی بەناوبانگی کانت لە وتاری «رۆشنگەری چییە؟»، بە واتای "وەرەی بیرکردنەوەت هەبێت".

ئارمانجی بیلدوونگ بەئەنجام بگەیەنێت و ئەم ئەرکەش نەوەک بەتەنێ لە ئەستۆی زانستە مرۆییەکان بەڵکوو بەگشتی لە ئەستۆی هەموو بەستێنەکانی زانستە کە گشتێتی و هوشیاریی خۆیان لە فەلسەفەدا وەکوو **زانینێکی بنەمایی** (grund wissenschaft) دەبیننەوە.

دابەشبوونی پسپۆڕانەی بوارە جیاوازەکانی زانست و کارکردی‌بوونەوەیان لەپێوەند لەگەڵ پێویستییەکانی بازاڕی ئابووری و کارگێڕیی بیرۆکراتیکدا هاوکات کە یەکگرتنەوەی ئەو بەشانەی بەتاڵ کردەوە؛ دەوری رۆشنگەرانە و راهێنانی هەموانەکیی، لێ بواردن و دوو جەمسەرییەکی سەرەکی لە نێوانیاندا هێنایە کایەوە. هێزوەرگرتن و باڵادەستبوونی زانستە سرووشتییەکان لە سەدەی نۆزدەدا وای کرد کە میتۆدۆلۆژیای ئەم بوارانە وەکوو تاکە سەرچەشنی زانست و جێباوەڕیی زانستی، باڵ بەسەر بەستێنەکانی مەعریفەدا رابکێشێ و هەژمۆنی خۆی لەو بەستێنەدا بچەسپێنێ. خولیای یەکگرتنەوەی بوارەکانی مەعریفە ئەمجارەیان بەپێچەوانەی ئایدیای رۆمانتیکەکان، لە لایەن پۆزیتیویستەکانەوە بە مەبەستێکی ئێجگار جیاواز واتە هێنانی هەموو بوارەکانی زانست و مەعریفە بۆ ژێر رکێفی زانستی سرووشتی و بەیەککردنی بابەت، مەبەست و میتۆدی ئەو بوارانە لە ژێرناوی یەکبوونی هەستی‌ناسی، مەعریفەناسی و میتۆدۆلۆژی زانستیدا بەکار هێنرا. بێگومان رەوتی مەعریفی دژبەر بەم یەکسانکردنە هاتنە گۆڕەپانەوە و رەخنەی خۆیان بەرامبەر شوێنکەوتوویی زانستە مرۆییەکان لە میتۆدی زانستە سرووشتییەکان دەربڕی کە دەکرێ لەو نێوانەدا ئاماژە بە رەوتی نیۆکانتییەکان وەکوو **دیلتای**، **ویندێلباند**، **ریکێرت** و **ماکس ڤیبەر** بدەین. دیلتای خاوەنی کتێبی **«پێشەکییەک بۆ زانستە مرۆییەکان»**(١٨٨٣) پێی وابوو ئەم جیاوازییە لە هەر سێ ئاستی، مەبەست، بابەت و میتوددا دەبینرێ و زانستە مرۆییەکان بە پێچەوانەی پوزیتیویزمی زانستی سرووشتی کە لە بازنەی **لێکدانەوەی هۆکارمەندی** (casual explanation)دا ماونەتەوە، لەدوای **تێگەیشتن** (verestehn) و

فامکردنی واتای مەبەستکراوی سووژەیە کە لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی و لە رەوتێکی مێژووییدا پێک هاتووە. **گادامێر** لە کتێبی **«حەقیقەت و میتۆد»**(١٩٦٠)دا لەپێشێتی دەبەخشێ بە حەقیقەت لە ئاست میتۆد و پێی وایە حەقیقەت لە پێکهاتەی هەستیناسانەی تێگەیشتندا رۆنراوە و تەنها بە میتۆد دەستەبەر ناکرێ. بەرانبەرکێی بەیەککردن و جیاوازای زانستە مرۆییەکان و زانستە سرووشتییەکان لە رووبەڕووبوونەوەی رەوتی پوزیتیویستی مەکتەبی ڤیەنا و شیکاگۆ لە لایەک و فەلسەفەی قاڕەیی (هێرمۆنۆتیک، دیاردەناسی، بوونخوازی، پێکهاتەخوازی و پاشپێکهاتەخوازی) لە لایەکیتردا لە درێژایی سەدەی بیستەمدا بەردەوام دەبێت و ئەم کێشمەکێش و ململانێیە ئێستەش بە شێوەی جیاواز بەردەوامە. ئەورۆکە رەوتی دژەهەژمۆن لە ئاستی مەعریفەناسی و رێبازناسانەدا بە درووشمی **چەندێتیخوازی رێرەوناسانە** (pluralism methodological) بەرەوڕووی **ئەمپریالیزمی میتۆدۆلۆژیک** بوونەتەوە و پێیان وایە مەغلەتەی مەعریفەناسانەی ئەم رەوتە پاوانخوازە ئەوەیە کە هەستیناسی دادەشکێنێتە ئاستی مەعریفەناسی و **گشتێتی هەستی و هەبوون** لە **وردەبەشی ناسینی ئێمە لەم هەستی و هەبوونە** رۆ دەبات. **مارسێل مووس** وتەنی دەبێ **گشتێتی واقیعی کۆمەڵایەتی** بناسین و هەر بەشێک لەم بەستێنەدا بە بێ رەچاو و پێوەندی دەگەڵ بەشەکانی تردا نایەتە ناساندن. **ئادۆرنۆ** لەم بابەتەوە پێی وایە کۆمەڵگا نە ئۆبژەیەکی ئامادە و بێنێوەنجی و نە کۆبەندی هەژمارانەی ئەندامەکانیەتی؛ بەڵکوو بەردەوام لە لایەن گشتێتی کۆمەڵگا و حەقیقەتی مێژوویی هەناوی چەمک و تیۆرەوە، نێوبژیوانی دەکرێت. هەربۆیە پێی وایە ئەم چەشنە ریالیزمە خاوە کە **پرسگر**(problem) تا ئاستی **رێچارە**(solution)، و **ئەندێشە** بۆ ئاستی **گریمان**، دادەبەزێنێ ناتوانێ ناسینێکی شیاو لە واقیع وەچنگ بخات. **رۆیی باسکار** لە سۆنگەیەکی جیاوازەوە هەوڵ ئەدات تێگەیشتنی هەر دوو لایەنی دژبەر؛ واتە یەککبووخوازان و جیاباوەڕان لە مەعریفە و چۆنییەتی پێکهاتنی و پێوەندی دەگەڵ کۆمەڵگا، بەرەوڕووی تەنگژە بکاتەوە و

هەڵوێستەیەکی نێوانشین و نیزیککەرەوە بەدی بێنێت. باسکار پێی وایە پۆزیتیویستەکان بە جەخت خستنە سەر هۆکارمەندی و ئەزموونگەری تەنها ئاستێک لە واقیع دەبینن؛ لە حاڵێکدا جیهانی واقیع خاوەنی چەشنێ **توێژبەندی** (stratification)یە، و زانستی پۆزەتیڤ تەنێ بەشی دەرکەوتوو و **بەئەنجامگەیشتوو** (actual)ی واقیع رەچاو دەکات. **ریالیزمی رەخنەگرانەی** باسکار جیهان بە سیستەمێکی ئاوەڵا دەبینێت کە هەرچەشنە تەریکخستن و تێکترنجاندنی دیاردەکانی ئەو جیهانە لە بازنەی داخراوی تاقیگەدا بە مەبەستی ناسین، بە هەڵەیەکی گەورە دەبینێ و پێی وایە **«ئەوەی دەیزانین»** گوزارشتێکی تەواوکۆ لە واقیعی **«ئەوەی هەیە»** نادا بەدەستەوە. لێرەوە بەو راستییە سەرەکییە دەگەین کە جیهان دیاردەیەکی ئاڵۆز و پێچەهەڵپێچە و پرێسپێکتیوەکانی ئێمە بەردەوام رادەی ئەم ئاڵۆزییە لە ساکاریدا کورت دەکاتەوە. جیهانی واقیع بەتەواوەتی **دەرەوەیی** (out there)، ئاشکرا و سەقامگرتوو نییە بەڵکوو **فازی** (fuzzy)، **بڕگەیی**، **تەماوی** و **تۆڕتەنراوە** کە **نادابینکراوی** و **ناچونیەکیی** تێدا بەدی دەکرێت و هەرچەشنە مەیلی مسۆگەرانە و دڵنیاییخوازانەی ئێمە، رووی راستی ئەو جیهانە پەردەپۆش دەکات. بەگشتی دەبێ بڵێین جیهان و ژیانی مرۆڤ خاوەنی توێژ و رەهەندی جیاوازە و زانستی باو، تەنها دەنگی رەوای ئەم فرەچەشنییە نییە؛ وەکوو **مەک ئینتایر**[٦] لە هەڵسەنگاندنی **شێکسپیەر** و **دیکارت**دا بەجوانی ئەم راستییە روون ئەکاتەوە: «شێکسپیەر ئێمە بەرەو تێڕامان لەسەر قەیرانی خۆمان و خودی تاک، وەکوو قەیرانی نەریتێک کە تاکی پێکهێناوە بانگهێشت دەکات؛ دیکارت بەپێی هەڵوێستی لەسەر مێژوو و ئەفسانە، خۆی لە ئەگەری ناسینی دۆخی خۆی دەبوێرێت. دیکارت خودئاگاییەکی نامێژوویی بەڵێندراوی خۆی چێکردوە و هەوڵ ئەدات لەوێوە قەیرانی مەعریفەناسانەی خۆی پێناسە بکات».

٦ مک‌اینتایر، السدیر(١٣٩٥)؛ بحران معرفت‌شناختی (روایت دراماتیک و فلسفه علم)، ترجمه‌ی سید علیرضا بهشتی، تهران: انتشارات ناهید.




## پرسیاری کۆتایی:

**دۆخی ئێستای گوتاری ئاکادیمیا و دەوری خوێندکار چۆن دەبینن و چ پێشنیارێک لەم بابەتەوە ئاراستە دەکەن؟**

ئەرکی مەعریفەناسانە و ئەرکی سیاسی زانکۆ لە راستیدا خاوەنی لۆژیکێکی هاوبەشە: **یەکەم**؛ سووژەی ناسێنکاری خوێندکار، زەینێکی پەسیڤ نییە کە وەکوو راگوێزەرێکی میکانیکی فاکتەکان و داشکێنەری گشتێتی جیهان لە دۆخی داخراوی تاقیگەکان دەور بنوێنێت؛ **دووهەم**؛ سووژەی سیاسی خوێندکار، دەستەمۆی هاوجووتبوون و گونجاندن دەگەڵ دۆخی باو و سەپاو نییە بەڵکوو سووژەیەکی رەخنەگرە کە بەردەوام پلان و پلەبەندییەکانی دەسەڵات بەرەوڕووی تەنگژە دەکاتەوە و لەهەمبەر بیرۆکراسی و تەکنۆکراسی پێکهاتەکاندا بەرگری و خۆڕاگری دەکات. هەرچەشنە سیاسەتسڕینەوە لە میکانیزمی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی زانست لە بەستێنی زانکۆ و ناوەندە زانستییەکاندا، کۆمەڵایەتیبوونی پێکهاتنی زانین و مەعریفە دەخاتە ژێر پرسیار و هاوکات تەگەرە لە بەردەم کاریگەریی بەکەڵک و لایەنی ئەرێنیی زانست دەهاوێت. **مایکل بووراوی** لە کتێبی **«کۆمەڵناسیی خەڵکی»**دا پۆلێنبەندییەکی چواربەشی بۆ زانستی کۆمەڵناسی دیاری دەکات و پێی وایە کۆمەڵناسی لەم چوار رەهەندەدا؛ **پسپۆڕانە**[٧]، **سیاسەتدارێژەرانە**[٨]، **رەخنەگرانە**[٩] و **خەڵکی**[١٠] کارکردی نواندووە.

ئەگەرچی بووراوی لە چوارچێوەی پارادایمی ئاکادیمیای ئەمریکیدا لایەنی خەڵکیی زانستی کۆمەڵناسی، وەکوو تەواوکەر و هاوسەنگییەک بۆ لایەنەکانی تری ئەم زانستە دیاری دەکات و تێبینییەکانی بەچەشنێک لە پلەبەندی

[7] professional
[8] policy
[9] critical
[10] public

و دۆخی چەقبەستووی هەبووندا‌ردا رۆ دەچێت، بەڵام پۆلێنبەندییەکەی خۆی‌لەخۆیدا، چەندبەرەکی و چەندبوارییی کارکردەکانی زانست لە بەستێنی زانکۆدا دەردەخات. بەم پێیە زانکۆ نە دەکرێ و نە دەتوانێ وەکوو یەکەیەکی سەربەخۆ و تەواوکۆ لە ئاست کۆمەڵگا و دژوازییەکانی هەڵبسوورێت؛ هەربۆیە دەکرێ بڵێین لە داخراوترین کەش و لە بەستەڵەکترین دۆخدا، کەلێن و مشتومڕەکانی کۆمەڵگا لە پێکهاتەی زانکۆدا دەرکەوتەی دەبێت و رەهەندی رووناکبیرانە و پێوەندی‌گرانەی لێ دانامالرێت. بەڵام سەرەڕای ئەم راستیانە ئەوڕۆکە چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی ناوخۆی ئێراندا دوو دەسەڵاتی سەرەکی بازاڕ و حکوومەت وەکوو مەترسییەکەی کوشندە بەردەوام هەڕەشە دەخەنە سەر لایەنی رەخنەگرانە و خەڵکیی زانست بە تایبەت زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەوڕۆکە پەرەئەستاندنی رەوتی **بەکارهێنەرانەکردن** و **سەوداگەرانەکردنی** زانستەکان لە زانکۆکاندا، رەهەندە جیاوازەکانی زانست لە دابەشکردن و پسپۆڕانەکردنێکی تاکخوازانە و تەکنۆکراتیکدا رۆ دەبات و ئاراستەی بیردۆزە و پرسگرەکانی لە ژێر رکێڤی ئۆلیگارشی و تاقمچێتی ئیلیت و دەستەبژێرەکانی ناوەندی ئاکادیمیا بەلارێدا دەبات. دابەزاندنی زانست تا ئاستی **موهەندیسی کۆمەڵایەتی** و **بەڕێوەبەرایەتی زانستی**، رەوایی لە گشتێتی خەڵک دەستێنێتەوە و بە کەمایەسییەکی نادەروەست و نابەرپرسیاری دەبەخشێت کە وەکوو چینی سەرمایەدار، وزە و بەهرەی چالاکیی زانستیی خوێندکاران و توێژەران لە چوارچێوەی وتار و گەڵاڵە لێکۆڵینەوەییەکاندا پاوان دەکەن و لەخۆنامۆیی زانستییان بۆ بەرهەم دێنن. بەپێوەربوونی **وتاری ئای‌ئێس‌ئای** (ISI) و زانستی توێژینەوەیی وەکوو **ستانداردی بەرهەمهێنانی زانستی** لە پلەبەندی و پێشکەوتینی ئاکادیمیک لە زانکۆکانی ئێراندا، هاوکات لەگەڵ نائامادەیی و نەبوونی فەرهەنگی زانستی و توێژەرانە و هەروەها نەبوونی ئازادی و کراوەیی لە بەستێنی کۆمەڵگا و ئاکادیمیادا، رەوتێکی

ساختە و پێشبڕکێیەکی ناتەندروستی داهێناوە کە لە بازاڕی ڕەشی وتاری ئای‌ئێس‌ئای و کڕین و فرۆشتنی کتێب و تێزی پایاننامەدا خۆی نواندوە. داسەپاندنی پێوەری زانستە سرووشتییەکان بەسەر زانستە مرۆیی وکۆمەڵایەتییەکاندا وای کردوە فۆرمی سەرەکی داهێنانی ئەم بوارانە کە **نامیلکە** (monograph) و **نڤیسار**(essay) و **کتێب** ( text book) دەگرێتەوە لەبیر بکرێت و تەنێ فۆرمی وتاری ئای‌ئێس‌ئای (article) بە هەند وەربگیرێت. دەکرێ ئەوڕۆکە دروشمی زاڵی ئاکادیمیا، واتە «**وتار بڵاو بکەوە یان بمرە**» ( publisher perish)، بە ئایدیای سەرەتایی زانکۆ واتە «**یان فێر ببە یان بمرە**»[11] بگۆڕینەوە و فێربوون و تێگەیشتن وەکوو تێلۆس و مەبەستی ناوەندی زانکۆ زیندوو بکرێتەوە و وەکوو بنەمای نووسین و بەرهەمهێنان لە شێوازی جیاوازدا دەور ببینێت. لە بابەتی سیاسییەوە زانستە مرۆییەکان بە هۆی تایبەتمەندی ڕەخنەگرانە و ڕۆشنگەرانەیان بەردەوام وەبەر گومان و پلاری دەسەڵات کەوتوون و مەجالی هەڵسووڕانیان لێ تەنگ کراوە. هەر بۆیە لەم سەردەمەدا زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا تووشی دۆخێکی هەستیار هاتوون؛ واتە هەم لە لایەن **تەکنۆکراسی بازاڕ** و **بیرۆکراتیزمی دەوڵەتییەوە** گوشاریان لەسەر کەوتووە و هەم لە بەرەوڕووی **ڕەوتی بەئایدۆلۆژیک‌کردن** بوونەتەوە کە بنەما و کرۆکی ڕەخنەگرانە و ڕۆشنبیرانەی ئەم زانستانە دەسڕێتەوە و کارکردی یۆنیڤێرساڵ و گشتییان بەرەو هەڵدێری فەوتان و داڕووخان دەبات. ئەمجارە نە پۆزیتیویزمی مەعریفەناسانە بەڵکوو **پۆزیتیویزمێکی ئایدۆلۆژیک و دەوڵەتی** هاتۆتە مەیدان کە نە تەنیا چەندێتی‌خوازی و فرەچەشنیی میتۆدۆلۆژیک دەسڕێتەوە بەڵکوو ئایدیای سەرەکی پێداگری لەسەر حەقیقەت و درووستی وەلا دەنێت و پێداگریی دەمارگرژانە لەسەر ئایدۆلۆژیا و دۆگما جێگری دەکات. لەم شێوازەدا زانست نە دەستی بە فاکتێکی نوێ و جیاواز ڕادەگات و نە پەرۆشی بەدواداچوونێکی تویژەرانە

---

[11] ئەم دروشمە لە شێوازی «یان فیر ببە یان فیر ببە»دا جوانتر دەنوینیت.

دەبێت؛ بەڵکوو بەشێوەیەکی لەپێش و ئامادە بڕیاری سازگار و گونجاو دەگەڵ بەرژەوەندی دەسەڵات و ئایدۆلۆژییەکی تایبەت دووپات دەکاتەوە و بەگشتی دەسبەرداری رەخنە و تێفکرین دەبێت. هەژمارەکان گوزارشت لە بێ‌بایەخبوون و دابەزینی ئاستی زانستەمرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئاست زانستە سرووشتی و تەکنیکییەکان لە چەندساڵی رابردوو دەکەن؛ بەچەشنێک کە رادەی خوێندکارانی ئەم بوارانە ۴۵ لە 100ی کۆی خوێندکارانی بوارەکانی خوێندن لە ئاستی کارناسیدا دەگرنەوە. ئەم رادەیە لە پلەی کارناسیی‌باڵادا بۆ ۲۵ لەسەد و لە پلەی دۆکتۆرا بۆ ۱۸ لە سەد دادەبەزێت. ئەگەر تەنانەت پێوەری خودی ناوەندی ئاکادیمیا بۆ گەشەی زانستی واتە بڵاوکردنەوەی وتاری ئایئێس‌ئای لە ژۆرناڵە زانستییەکان لەبەرچاو بگرین تەنها ۲ لە ۱۰۰ی ئەم وتارانە تایبەتی بوارە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانە کە خۆی ئاماژەدەری جیاکاری و نابەرابەرییەکی ئێجگار قووڵە لە نێوان ئەو بوارانەدا.[12] ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو پیشان ئەدات کە تەنانەت گەشەی زانستە سرووشتی و تەکنیکییەکان هاوبەستەی گەشەی ئازادانە و ئاوەڵای زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانە و ئەم مەبەستەش بە بێ لەئارادابوونی بەستێنێکی لەباری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەستەبەر ناکرێت. زانست لە هەر بوار و بەشێکیدا پێویستی بە فەرهەنگی دیموکراتیک و مەدەنییە تاکوو مەجالی پێوەندی و دیالۆگ لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا بخولقێنێ و زانین و تێڕوانینێکی رەخنەگرانە و رووناکبیرانە بەرهەم بێنێت. بێگومان ئەمەش بەبێ دەرفەتێکی قانوونی و مەدەنی واتە بنەڕەتێکی یاسایی بۆ وتووێژ، رەخنە، نووسین و رادەربڕین نامومکین دەنوێنێت. وەک دەڵێن لە نەبوونی دۆخی لەبار بۆ **پراگما**، هەرچەشنە کردارێک روو لە ئۆپۆرتونیزم و **هەلپەرستی** دەسوێ؛ بۆیە دەکرێ بڵێین

[12] فاضلی، نعمت‌الله(۱۳۸۶) چالش‌های علوم انسانی در ایران، در سایت: http://www.farhangshenasi.ir

لە نەبوونی دۆخی لەبار بۆ رەخنە و
تێفکرین، هەبوونی هەرچەشنە زانکۆ و
خوێندکار و وتاری ئای‌ئێس‌ئای،
کارکردی هەلپەرستانە و تاقمگەرانە
لەخۆ دەگرێ و لە شێوازی گاڵتەجاڕی
و کۆمێدیدا دەردەکەوێت.

# لێکۆڵینەوە

## شیعرییەت و تایبەتمەندییەکانی شیعری لە دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جافدا
### (خوێندنەوەیەکی فۆرمالیستیانە)

مەنسوور ڕەحمانی
(لێکۆڵەری زمان و ئەدەب)
ئەم بابەتە لە "دیداری ئەحمەد موختار جاف"دا پێشکەش کراوە

**وشە سەرەکییەکان:**

**شیعر، شیعرییەت، نامۆبوونی زمانی، کێش، قاڵب، ناوەرۆک**

١. دەلاقەیەک بەرەو شیعرییەت و شیعرییەت لە دیوانە ئەحمەد موختار جافدا: شیعر هونەرێکی زمانییە و ئێستاتیکاییێکە کە لە زماندا ڕوو دەدات. ئەگەر شاعیر بابەتی زمان نەبێتە ئامانجی سەرەکی بێ گومان ئەوپەڕی قسەی نەستەقیش تەنیا چەمکێکە کە بایەخی لە دەرەوەی بایەخی هونەرە و ناچێتە نێو گۆڕەپانی شیعرەوە. کەوابوو تەوەرە و کۆڵەکەی هەرە بونیادینی جیابوونەوەی زمانی ئاسایی و شیعر چەمکی «شیعرییەتە». بۆ پێناسەکردنی شیعرییەتیش لەوانەیە نەتوانین بە شێوەی ئیجابی پێناسەیێکی ڕها و تەواومان هەبێت ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زاتی جیاوازیی هونەر و زانست. زمانی زانست، ڕۆشن و تیوارە و دوورە لە نامۆیی.

زانست، زمان تەنیا وەکوو ئامرازێک چاو لێ دەکات و ڕێگا بە ڕازاندنەوەی نادات و گەیاندنی تەنیا یەک واتا مەبەستیەتی و لۆژیک تەوەرەی سەرەکیی ناوەرۆکیەتی، بەڵام بونیادی هونەر لە سەر بنەمای نامۆیی، تەماوییبوون، فرە واتایی، فرە هەڵگوستی و دووربوون لە شیکاریی لۆژیکانە دامەزراوە. (مووەحێد ل ٦٥)

هونەر و لێرەدا هونەری شیعر بەرهەمی کەشفی تاکەکەسیی شاعیرە، دووپات نابێتەوە و ناگوێزرێتەوە(کەدکەنی ل ١٧٣) بەڵام زانست هەرچەند دەتوانێت بەرهەمی تاکەکەسێک بێت و هەموو خەسڵەتەکانی تری هەیە، واتە هەم دەتوانرێت فێری ببیت، هەم دووپات دەبێتەوە و هەم تاقی دەکرێتەوە. کەوابوو باشتر وایە کە بە شێوەی سەلبی بە دووی ناسینی شیعردا بگەڕێین واتە باشتر وایە بزانین ناشیعر چییە؟ لە

خوارەوە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی ڕیزبەند ئاماژە بە تەوەرە سەرەکییەکانی ناشیعر بکەین:

١-١. زمانی ئاسایی شیعر نییە. مەبەست لە زمانی ئاسایی، زمانێکە کە هەڵبژاردنی وشە و خودی وشە بە ئەنقەست نەبووبێت و مەبەستی ئاخێوەر یان نووسەر تەنیا دروستکردنی پەیوەندی بێت لەگەڵ بەردەنگ یان خوێنەردا بۆ گەیاندنی پەیامەکەی. لە زمانی شیعردا پێش لە هەموو شتێک خودی زمان و چۆنیەتیی بە کارهێنانی لە ئارادایە و هەموو تایبەتمەندییەکانی تر بە نیسبەتی دەربڕینی زمان دەکەونە پەراوێزەوە.

١-٢. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، کێش و سەروادار بوونی دەقێک تا چ ڕادەیەک دەتوانن دەق بەرەو سەرەوەی زمانی ئاسایی بەرزبکەنەوە؟ ڕاستە کاتێک زمان دەبێتە هەڵبەست بێ سێ‌ودوو لە ئاسایی‌بوون دەترازێت، بەڵام ئەم ترازانە بە تەنیایی ناتوانێت مەرجی شیعرییەت بێت، بۆ نموونە "*ئەلفیە*" ی ئیبن مالک، کە هەزار دێڕە و سەبارەت بە ڕێزمانی عەرەبی نووسراوە بە هیچ شێوەیەک نەچووەتە نێو بازنەی شیعرەوە. ئیبن مالک تەنیا بۆ لەبەرکردنی خێراتری بابەتەکانی زانستی نەحوی عەرەبی لە کێش و سەروا کەڵکی وەرگرتووە. یان کتێبی "ئەحمەدی" شێخ مارفی نۆدێ کە بۆ فێرکاریی وشەی عەربی بە کوردییە و سەرەڕای هەبوونی کێش و سەروا خەسڵەتی شیعرییەتی پێوە دیار نییە. هەموو ئەو دەقانەش کە مەبەستی نووسەرەکەیان لە پلەی یەکەمدا گەیاندنی پەیامێکە (پەیامێکی ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هتد) و زمان و کێش و سەروایش لەم ڕەهەندەدا تەنیا دەوری ئامرازێک دەگێڕن، ناچنە نێو دنیای شیعرەوە.

١-٣. پرسیاری هەرە گرینگی تر ئەوەیە کە گەلۆ دەقێک کە مەرجەکانی باسکراوی سەرەوە (لە ژمارەکانی یەک و دوو) لە بەرچاو بگرێت دەبێتە شیعر؟ بۆ نموونە ئایا ئەم دێڕەی خوارەوە شیعرە؟

**گوڵ لە گوڵزارا نەما بولبول ئەبێ زاری بکا شێوەیی شادی لە سەر دەرکات و غەمباری بکا (ئەحمەد،دیوان ل ٥٣).**

لەم دێڕەدا مەبەستی بێژەرەکەی بە دڵنیاییەوە گەیاندنی پەیامێک نییە و زمان و کێش و سەرواش لێرەدا وەکوو

ئامرازی گەیاندنی پەیام نەهاتوونەتە ئاراوە. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش دیسان مەودای ئەم دێڕە تا ڕادەیەکی زۆر دووره لە شیعرییەت. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیەکی دیکە کە نامۆبوونی زمانی defamilarization یان نائاشنایەتی زمانییە. مەبەست لە "نامۆبوون" ئەوەیە کە شیعر دەبێت خەسڵەتی سەرسووڕهێنەری تێدا ببێت؛ واتە کاتێک خوێنەر دەیخوێنێتەوە هەست بەوە بکات کە ئەمە یەکەمجارە دەیبیسێت و دووپاتکردنەوە نییە. لەم دێڕەی سەرەوە هیچ داهێنانێک نابیندرێت. چەمکی "گوڵ و بولبول و خەمی بولبول بە هۆی نەمانی گوڵ" بە هەزاران جار دووپات بووەتەوە و چی دی خەسڵەتی نامۆبوونی پێوە دیار نییە. لێرەدا بۆ ڕوونبوونەوەی زۆرتر ئاماژە بە چەند دێڕە شیعر دەکەین کە خاوەنی تایبەتمەندیی شیعرییەتن:

**دەخیلت بم نەخیلی یا روتابی**
**وەها شیرین و سینە نەرم و دڵ ڕەق**
**(نالی، دیوان، ل٢٥٢)**

لەم شیعرەدا خەسڵەتی نامۆبوونی و سەرسووڕهێنەری دەبینرێت و خودی زمانیش کەوتووەتە چەقی مەبەستی شاعیرەوە. لەوانەیە هیچ شاعیرێکی نیشتمانی نەخلستان، بەم شێوەیە "یار"یان نەشوبهاندبێتە خورماوە. هەروەها لەم دێڕە، شاعیر بە هێنانەوەی بەئەنقەستی دوو وشەی "دەخیل" و "نەخیل" سەرنجی خوێنەری لە باری ڕازاندنەوەی زمان بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، واتە تەنیا بەکارهێنانی "لێکچوون"ە جوانەکەی مەبەست نەبووە، ئەگینا دەیتوانی بڵێت:

ئامان ئامان نەخیلی یا روتابی .....
یان بە قوربانت نەخیلی یا ...... .

لە دیوانی مەولەویی کورددا بە سەدان نموونە دێڕە شیعر دەبیندرێت کە خەسڵەتی شیعرییەتیان بە تەواوی پێوە دیارە و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری مەولەوییش نوێبوونی داڕشتنەکانییەتی. بۆ نموونە لە کۆی هەزار و بیست لێکچواندنی دیوانی مەولەوی، دووسەد و پەنجا لێکچوونی نوێی تێیدا بەرچاو دەکەوێت کە پێشتر لە دیوانی هیچ شاعیرێکی کورد یان فارسدا نەبینراوە. بۆ نموونە:

**پەشێو وێنەی وێم نیشتە پێم خەجڵ دیم**
**شادی دەس دا نە دەروازەی دڵ**
**(مەولەوی، دیوان، ل ٨٧)**

"پەشێو وێنەی وێم" لێکچواندنێکی نوێیە و لە دێڕی دووەمدا دەنگی "د" شەش جار دووپات بووەتەوە دەڵەی دەنگی تەقەی دەروازەیە کە شادی، لێی دەدات: د د د د د د...

یان:

**قازان قەتاران قوڵەنگان حەوایی**
**حەیفەن باڵاکەت شەو بە تەنیایی[1]**
**(مەولەوی، دیوان، ل١٣٤)**

قازان و قوڵەنگان جوانکاری ئیهام یان تەوریەیان هەیە و بە ئەوپەڕی جوانییەوە داڕێژراوە.[2]

یان لەم دێڕە شیعرەی ناری (مەلا کاکە حەمەی بێلوو) دیسان سەرەڕای ساکارییەکی زۆر تایبەتمەندییەکانی نامۆبوون و سەرسووڕهێنەری و لە ڕیزی یەکەمدابوونی زمان لە بەرچاوگیراوە و شوبهاندنەکەشی لە کاتی خۆیدا شتێکی تازە بووە:

**دڵم هەر وەک سەماوەر پڕ لە جۆشەخەریکی سۆز و گریان و خرۆشە**

**بە دایم چاوە ڕێگە و ئینتیزاری نەسیمی چاوی چاکەی چا فرۆشە**
**(ناری، دیوان، ل ٧٧)**

مەولەوی و نالی شاعیرانێکن کە مەودای تەمەنی ژیانیان لە گەڵ ئەحمەد موختاردا ئەوپەڕی ناگاتە هەشتا ساڵ سەرەڕای ئەوەش لە

[1]. قازان: هەم بە واتای مەنجەڵی گەورەیە کە ئاوی تێدا دەکوڵێنن (لێرەدا بۆ شووشتنی مردوو) هەم بە واتای جۆرێك مەلە کە لە پاییزدا کۆچ دەکات. قوڵەنگان: هەم بە واتای پاچ و قوڵەنگە کە زەوی پێ دەکەنن (و لێرەدا گۆری مردووی پێ دەکەنن) هەم بە واتای جۆرێك مەلە کە لە پاییزدا کۆچ دەکات. حەیفەن باڵاکەت شەو بە تەنیایێ: واتە حەیفە تۆ مردیت و باڵاکەت لە نێو گۆڕدا بە تەنیا مایەوە.

[2] . چەند نموونەی تر لە دیوانی مەولەوی:

جۆراب چون من زامان نەسرەفتە
وە سەر پەنجەی پای ئیستیغنا کەفتە
(مەولەوی، دیوان،ل ١٥٧)

کلێڵەی خەفەت نە سەر کاوەی دڵ
مەزرەعەی شادیم کەردەن بێ حاسڵ
(مەولەوی، دیوان،ل ١٣٠)

زاهێد مایەی هۆش هیچ نەمانۆ پێش
پەشێو بۆ تەقواش چون مێزەرەی وێش
(مەولەوی، دیوان،ل ٤٧٠)

بەراوردی شیعریان لە پەنجەرەی "شیعرییەت"ەوە دەبینین کە شیعرەکانی ئەحمەد موختار لە چاو ئەوان لە ئاستێکی نزمتردایە. لە لێکدانەوە و خوێندنەوەی دیوانەکەی ئەحمەد موختاردا بە دەگمەن شیعرییەت ڕوومەتی پەری پەیکری خۆی دەردەخات.[٣] بەڵام چەندین هۆکار بوونەتە هۆی ئەوەی کە کاتێک ئێمە دەبینە میوانی دیوانەکەی لە بواری شیعرییەتەوە (بە پێچەوانەی ناوەرۆک کە چەندین بابەت لە خۆدا دەگرێت) لەگەڵ شاعیرێکی مامناوەندیدا ڕووبەڕوو ببینەوە. بێ گومان یەکێک لە ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە بۆ کەم بوونی تەمەن. دیارە تەمەنی سی و پێنج ساڵ لە بواری هونەرییەوە زۆرتر تەمەنی تاقیکردنەوەیە تا داهێنان. لە دیوانی ئەحمەد موختاردا، لە بواری جوانکاری هونەرییەوە تا ڕادەیەکی زۆر دووپاتکردنەوەی تەعبیر و خەیاڵ و لێکچوون و خواستن و ... شاعیرانی پێش خۆی تێیدا دەبینرێت. لە بواری زمانی شیعرییەوە "خودی زمان" کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە و نەبووەتە سەنتەری شیعری.[٤]

---

[٣]. نموونەی چەند دێڕە شیعر کە تا ڕادەیەک شیعریەت و داهێنانیان تێدا دەبینرێت:

به خەتا چووبوو خەتایٚ کرد بە خودا موشکیٚ خەتا
هاتبوو لافیٚ لە گەڵ پەرچەمیٚ تۆدا لیٚ دا
(دیوان ل ٥١)

دەستیٚ کە بە داوێنیٚ ئەتۆ دەستیٚ بە دڵ بم
چێبکەم کە نیێیە دەستیٚ بکەم خاکیٚ بە سەر دا
(دیوان ل ٥٢)

ئەبیٚ کاغەز لە بەرگی گوڵ قەڵەم گیانا لە عەنبەر بیٚ
کە من مەیلم هەیە ئێستا بنووسم وەسفیٚ روخسارت
(دیوان ل ٦۴)

وا بە عومری جوانەوە پیر بووم قەدەم خەم بوو لە غەم
دولبەرا دووریێنیٚ چاوم ئێستە ئەم سەر ئەو سەرە
(دیوان ل ١١١)

بە داخەوە نموونەیٚ داهێنان و شێعرییەت لە دیوانی ئەحمەد موختاردا بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێت.

[٤]. لە زمانی فارسیدا زۆرترین کێشی شیعری لە بەحریٚ موجتەس و دواتر بەحری موزاریع و دواتر رەمەڵی موسەدەسە و هەزەج دەکەوێتە شەشەمین کێشی بە کارهاتوو بۆ هۆنینەوەیٚ شێعر. (وەحیدیان کامیار ل ٣٠ – ۴٠)

ریزبەندیی بەحرە بەکارهاتووەکان لە شیعری فارسیدا:

- مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعل
- مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن
- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
- فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن
- فعلاتن مفاعلن فعلن
- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## ٢. تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەحمەد موختار جاف:

### ١-٢.کێشی شیعرەکان:

له لێکدانەوەی کێشی شیعری، له کۆی ١٠٤ شیعری دیوانی ئەحمەد موختاردا یازده جۆر کێش بەکارهاتووە و بە گشتی ئەم ئەنجامەی خوارەوە بەدی دەکرێت:

١-١-٢. بەحری هەزەجی موسەممەنی سالم: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

کۆی شیعرەکان: (٤٠)

شیعرەکانی ژمارە:
٩،١٢،١٣،١٤،١٦،١٩،٢٠،٢١،٢٨،٢٩،
٣٠،٣١،٣٣،٣٦،٣٧،٣٨،٤٥،٥٢،٥٤،٥٦
٥٧،٥٨،٦٣،٦٤،٦٩،٧٠،٧٢،٧٣،٧٥،٧،
٨،٨١،٨٩،٩٣،٩٤،٩٦،٩٨،١٠٠،١٠١،١
٠٢،١٠٤

٢-١-٢. بەحری ڕەمەلی موسەممەنی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

کۆی شیعرەکان:(٣٤)

شیعرەکانی ژمارە:

٣،٤،٥،٦،٧،٨،١٠،٢٢،٢٦،٣٢،٣٤،٣٥،
٤٠،٤٣،٤٨،٤٩،٦١،٦٥،٦٦،٧١،٧٦،٧٩
٨٢،٨٣،٨٤،٨٦،٨٧،٨٨،٩٠،٩١،٩٢،٩،
٧،٩٩،١٠٥

٣-١-٢. بەحری موجتەسی مەخبونی مەحزووف: (مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن)

کۆی شیعرەکان: (١٠)

شیعرەکانی ژمارە:

١،٢،٤،٩،١١،١٥،٣٦،٤١،٥٣،٦٠،٦٧،٨
٠،١٠٤

٤-١-٢. بەحری هەزەجی موسەددەسی مەحزووف(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)

کۆی شیعرەکان: ٦

شیعرەکانی ژمارە:١٩،٢٣،٢٤،٢٧،٧٧، ١٠٣.

٥-١-٢. بەحری هەزەجی موسەممەنی ئەخەربی مەکفووف مەحزووف(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)

کۆی شیعرەکان: ٥

شیعرەکانی ژمارە:٤٤،٥١،٥٩ ،٢،٤٢.

٦-١-٢. بەحری مونسەریح (مفتعلن فاعلن)

کۆی شیعرەکان: ٣

شیعرەکانی ژمارە: ١٧،٤٦،٤٧

٧-١-٢. بەحری رمەلی موسەممەنی مەخبوونی مەحزووف: (فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)
شیعرەکانی ژمارە ٥٥،٦٢

٨-١-٢. بەحری موزاریع: (مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن)
شیعری ژمارە ٣٧

٩-١-٢. بەحری هەزەجی موسەممەنی ئەخرب (مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن)
شیعری ژمارە ٦٨

١٠-١-٢. بەحری ڕەمەلی موسەممەنی مەشکوول (فعلات فاعلاتن فعلات فاعلاتن)
شیعری ژمارە ١

١١-١-٢. بحری کامل (متفاعلن متفاعلن متفاعلن متفاعلن)
شیعری ژمارە ٧٤

٢-٢. قاڵبە شیعرییەکان:

کۆی شیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف لە سێ قاڵبی غەزەل، دووتایی، موخەممەس یان پێنج خشتەکی پێکهاتووە و یەک نموونە داهێنان لە سەرواش لە دیوانەکەیدا دەبینرێت.

١-٢-٢. غەزەل: هەمووو شیعرەکانی بێجگە لە چوار شیعر لە قاڵبی غەزەلدا هۆنراونەتەوە.

٢-٢-٢. پێنج خشتەکی: شیعری ژمارە ٥٠ و ١٠٢.

٣-٢-٢.دووتایی (مەسنەوی) شیعری ژمارە ١٠٣ .

٣-٢-٢. داهێنان لە سەروا: شیعری ژمارە ١٠٥ (ئەم شیعرە لە بواری سەرواوە جۆرێ داهێنانە و ناچێتە نێو قاڵبە باوەکانی شیعری کلاسیکەوە.)[٥]

٣- زمانی شیعرەکان:

هەموو شیعرەکان جگە لە یەک شیعر کە بە فارسی هۆنراوەتەوە بە کوردی نووسراون .[٦]

٤- ناوەرۆکی شیعرەکان:

---

[٥] لەو دەما ئێمە کە خوێنمان ئەرشت
ڕۆژیش بەهاری هێنابووە وجوود
لەو جێگا شەڕەی یەکترمان ئەکوشت
گوڵان سەوز ئەبوون ئەیانکرد سعوود

[٦] . صبح چون خورشید رخشان سر بزد از کوهسار «بانگ کردستان» ما پرتو افشان شد اشکار (دیوان ل ٧٣)

### ١-٤. شیعری دڵداری:

ناوەڕۆکی هەشتا لە سەدی شیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف دڵدارییە. دولبەر هەر ئەو دولبەرە زەوینییەیە و لەوێ باسی بێ وەفایی دولبەر و ڕەنجی عاشق لە هیجران و تاسە و وەسفی ڕوخساری خۆشەویست و بەڵێن و پەیمانی دڵدار و پەیمانشکێنی یار ئەکرێت. [٧]

نموونە:

من ئەڕەنجێنێ نیگار و وا ڕەقیب دڵشاد
ئەکا بێخ و بنچینەی حەیات و عومری
من بەرباد ئەکا

بێستوون ئێستەش کە وەختێ لالەیێ لێ
سەوز ئەبێ باسی خوێنی دیدە و داغی
دڵی فەرهاد ئەکا (دیوان ل ٥٤)

دوو چاوم خوێن ئەبارێنێ لە عەشقی
ڕوومەتی ئاڵت گرفتارە لە ناو زوڵفت
دڵم بۆ دانەیی خاڵت (دیوان ل ٦٥)

بڕوانە شیعرەکانی ژمارە:

١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١،١٣،١٤،
١٥،١٦،١٧،١٨،١٩،٢١،٢٢،٢٣،٢٤،٢٥
٢٦،٢٧،٢٨،٢٩،٣٠،٣١،٣٢،٣٤،٣٧،٣،
٨،٣٩،٤١،٤٣،٤٤،٤٥،٤٧،٥١،٥٢،٥٣،
٥٤،٥٥،٥٦،٥٧،٥٨،٦١،٦٢،٦٣،٦٤،٦٥
٦٦،٦٧،٦٨،٦٩،٧٠،٧٢،٧٣،٧٤،٧٥،٧،
٧،٧٩،٨٠،٨١،٨٢،٨٣،٨٤،٨٦،٨٨،٨٩،
٩١،٩٢،٩٣،٩٤،٩٥،٩٨،٩٩،١٠٠،١٠١،
١٠٢،١٠٣،١٠٤.

(ناوەڕۆکی هەمووی ئەم شیعرانە دڵدارییە.)

### ٢-٤. شیعری نیشتمانی:

دووەمین چەمک و ناوەڕۆکێک کە لە دیوانی ئەحمەد موختاردا بەرچاو دەکەوێت شیعری نیشتمانیە. نیشتمان لە مێشکی شاعیر بە پانتایی هەموو وڵاتی کوردەوارییە و شاعیر مەجنوونئاسا نیشتمانی لەیلاسفەتی خۆی خۆش ئەوێت و وەسفی دەکات :

---

[٧] . سەرەرای ئەوەی کە هەشتاد لە سەدی دیوانە شیعرەکەی ئەحمەد موختار باس باسی دڵدارییە کەچی لە شیعری ژمارە پەنجادا (کە لە بواری قاڵبەوە پێنجخشتەکی یان موخەممەسە) ڕەخنە لەو کەسانە دەکا کە هەر خەریکی باسی زولف و چاون و لە خەیاڵی پەرچەم و قامەتی وەك لەولاوی یارن. لەوانەیە ئەم شیعرەی لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا هۆنیبێتەوە. شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زولف و چاو بکەن کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکوڵی ئاڵۆزاو بکەن لابدەن کەم باسی سونبول یا لەقی لاولاو بکەن ئێوە تەدبیرێشکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن زوو بە زوو تا ئێش لە دەس دەرنەچوو سا هەوڵێ بدەن

- مەکەن مەنعم کە وەک مەجنوون خەریکی هاتوچۆی کێوم

پەشێوی لەیلی کوردم تا کوو ڕۆحم دێتە سەر لێوم (دیوان ل ٨٦) لە بەرازی خاکی کوردستان ئەکەم ئارەزووی دەوری تەرەققی حاکمی بابان ئەکەم. ناوەجاغە ئەو کەسەی خزمەت بکا بۆ غەیری خۆیتا بە مردن شەرتە من هەر بەندەیی خۆمان ئەکم (دیوان ل 88)

- دێتە گوێم دەنگێ بە سۆز و شیوەن و گریانەوە نالەیی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە (دیوان ل ١٣٤)

ئەی وەتەن جەننەتی یا ڕەوزەیی ڕیزوانی تۆ باعیسی کەیفی دڵە باغ و گوڵستانی تۆ (دیوان ل ١٦٣)

بڕوانە شیعرەکانی ژمارە: (٣٣،٣٥،٤٨،٥٠،٧١،٧٦،٧٨،٩٠،٩٧)

٣-٤. یاخیبوون و دژەباوی بە نیسبەت بڕێ لە باوەڕمەندییەکانی سەردەم وەکوو وشکە سۆفی و زاهید یەکێ لەو ناوەرۆکانەیە کە لە دووتۆی شیعرە دڵدارییەکاندا خۆیان دەنوێنن:

زاهید وەرە ناو بەزمی حەریفانی خەرابات لادە لە ڕیا و سەرزەنشی قۆڕ و خورافات (دیوان ل 63)

برۆ ئەی وشکە سۆفی با موبارەک بێ لە تۆ جەننەت من و پیاڵەی شەراب و وەسڵی شۆخی با ویقاری من (دیوان ل٩٩)

4-4. بەرزکردنەوەی ئاستی دولبەری زەوینی تا ڕادەی باوڕە پیرۆزەکان. بۆ نموونە

- سایەیی گێسووی چەلیپات لابدە جانا لە ڕووت بۆچ بە زوڵمەت دائەپۆشی چاوەکەم قورئانی من (دیوان ل ١٠٢)

لەم دێڕە گێسووی دولبەری بە چەلیپا یان خاچ شوبهاندووە و قورئان لێرەدا خواستنە بۆ ڕوومەتی یار.

- قامەتت بۆ من وەکوو ڕۆژی قیامە چاوەکەم ئەحمەد! ئیتر حەشر و نەشر و نەفخی سوورم بۆ چییە

- گەر خوا بیکا موتاڵای موسحەفی ڕووی تۆ بکەم دولبەرا ئینجیل و تەورات و زەبوورم بۆ چییە (دیوان ل ١٢٦)

٥-٤. دانانی شیعری بۆنەیی و ئاوڕدانەوە بۆ بۆنە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی سەردەم:

- صبح چون خورشید رخشان سر بزد از کوهسار «بانگ کردستان» ما پرتو افشان شد اشکار

بە بۆنەی دامەزراندنی ڕۆژنامەی «بانگی کوردستان» نووسراوە. (دیوان ل ٧٣)

«بانگی کوردستان» وا دنیای ئیحیا کردەوە زامی قەلبی کوردی بێچارەی موداوا کردەوە

بە بۆنەی دامەزراندنی ڕۆژنامەی «بانگی کوردستان» نووسراوە. (دیوان ل ١٤٤)

- ئەی حەسەن ئەم کاغەزەم تەبریکی عەیش و شادییە پڕ لە مەعنایە ئەگەرچی بۆ موبارەک بادیە

ئەم شیعرەی بە بۆن ژنهێنانی خۆشکەزاگی خۆی حەسەن فەهمی بەگەوە نووسیوە (دیوان ل ١٥٩)

شیعرەکانی ژمارە: ٥٩ ،٨٧، ٨٥، ٩٦ بۆنەیین.

٥. تایبەتمەندی زمانی و ئەدەبی:

٥-١. هەوڵ بۆ پاراستنی زمانی کوردی و بە پەتی نووسین. بە شێوەیەکی ئەنقەستی و بە خۆئاگایییەوە. ئەم دیاردەیە لە غەزەلی ژمارە ٣٦ لاپەڕەی ٩٠ دیواندا بە ڕاشکاوی بەرچاو دەکەوێ:

بێت و بە نازەوە کە بلێ مەیلی ڕاو ئەکەم بۆ دەنکە خاڵەکەی ملی خۆم تووشی داو ئەکەم

شاعیر خۆی لە کۆتایی شیعرەکەدا بەم کوردی نووسینەی خۆی ئاماژەی کردووە، بەم شێوەیە: «کوردی بێ عارەبی»

٥-٢. دووپاتکردنەوەی زۆر تەعبیر و چەمک و باوڕی خەڵکی کە پێشتر لە نێو دیوانی شاعیرانی فارس و کورددا ئاماژەیان پێکراوە یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەحمەد موختار و ئەوە پیشان ئەدات کە شیعری زۆر شاعیری خوێندووەتەوە. بۆ نموونە:

- نیگارم تووتیە بۆ خۆش زوبانی و لەنجە و عیشوە ئەما حەیفێ کە ئەو شۆخە لە گەڵ زاغی سیا جووتە

(دیوان ل ١٦٢)

بولبول و زاغ(قشقەڕە) دوو ڕەقیبی ناساز و دوو هێمان بۆ خۆشزوبانی و دەنگخراپی.

- نۆشی دارووی لێوی تۆیە ئەی تەبیبی حاڵزان     باعیسی ژین و حەیاتی عاشقی ڕەنجوورتە
(دیوان ل ١٦٠)

نۆشداروو لە شانامەی فێردەوسیدا دەرمانی دژە مەرگ بووە کە ڕۆسەم ئەیەویست بۆ نەجاتی زۆراوی کوڕی لە کەیکاووس وەریگرێت و سەرنەکەوت.

- بە میراتی لە دڵمۆ داغی ڕەش بۆ لالە بە جێ ماوە     کە وەقتێ سەوز ئەبێ ئەو بۆیە وا ناوجەرگی سووتاوە
(دیوان ل ١٣١)

سووتان و ڕەشی ناو دڵی گوڵی لالە بە سەدان جار لە دیوانی شاعیرانی کورد و فارس دووپات بووەتەوەو.

-سبەینێ چوویە باغ و خاڵی ڕووی تۆی دی خەجاڵت ما     وەنەوشە بۆیە مل کەچ ئێستە وا مەحزوون و داماوە
(دیوان ل ١٣١)

مل کەچ بوونی وەنەوشە

دڵی زارم بە دایم بەستەیی زنجیری گێسووتە وجوودی     وەک کەتانم لەتلەتی شوعلەی وەک مەهی ڕووتە
(دیوان ل ١٦٢) گوایا وا باو بووە کە

قوماشی کەتان لە بەر تریفەی مانگ دەپرتووکێت. ئەم باوەڕە لە نێو شاعیرانی فارسدا زۆر دەبینرێت.
سەیری ڕەقیب کە وەک سەگە بۆ مانگەشەو ...(دیوان ل ٦٨)

مە فشاند نور و سگ عوعو کند هر کسی بر گینت خود می‌تند
(مولوی بلخی)

٣-٥. دووپاتکردنەوەی زۆرێک لەو لێکچوانانەی (تشبیهات) کە پێشتر بە کار هێنراون:

- من کە دیم تاقی دوو ئەبرۆی قیبلەگاهم کەچ بووە     تازە بۆ من زاهیدیش ئۆمێدی ئایینی هەیە
(دیوان ل ١٥٦)

تاقی دوو ئەبرۆ (نرگست در <u>طاق ابرو</u> از چە خفتند بی خبر     زان کە جای خواب مستان گوشە محراب بود)

ناڵەیی سینەم وەکوو نەی سەر وەکوو سەمتوورە بۆت     من بە غەم شادم ئیتر کەیف و سروورم بۆ چییە
(دیوان ل ١٢٦)

شوبهاندنی ناڵە بە نەی/شوبهاندنی کەللە بە سەمتوور..... زایەڵەی سەمتوور کەللەم وە گەرمەن: مەولەوی

- تۆ چرای بۆ ڕێگەیی تاریکی (دیوان ل ٩٧) شوبهاندان بە چرا پێشتر زۆر دووپاتبووەتەوە.

- میللەتی من هەر وەکوو شێری ژیانن ..(دیوان ل ٨٨) شوبهاندان بە شێر پێشتر زۆر دووپاتبووەتەوە.

- من سیا رۆژی دوو زولفی هەر وەکوو زوونناری تۆم (دیوان ل ٨٧) شوبهاندانی زولف بە زوونار ....

- دەمت غونچە قەدت سەروە لەبت لەعلی بەدەخشانە (دیوان ل ٢٨) شوبهاندان دەم بە غونچە ....

- تیری غەمزە (دیوان ل ٦٢) پەشێو بە هەر وەکوو مەجنوون (دیوان ل ٦٠) شوبهاندان تیر بە غەمزە...

— تێغی ئەبرۆ (دیوان ل ٥٦) سورمەی خاکی ڕێگات .. (دیوان ل ١٠٤) شوبهاندان ئەبرۆ بە تێغ..ئەحمەد موختار وەکوو بنەماڵە و وەکوو تاک یەکێ لەو ئالاهەڵگرانەی زمانی کوردی بوو کە بە خۆئاگاییەوە ڕەشحەی پێنووسی هێنایە خزمەتی زمانی کوردی و لە دێر بە دێری شیعرەکانی بۆنی سۆزی شاعیرێکی لاوی دڵدار و نیشتمانپەروەر بەرچاوەدەکەوێت. داخەکەم مەرگی ناوەخت مەودای نەدا کە لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردی ڕەنگین و زەنگینتر بکات و تینوویەتی هەستی ڕۆڵەکانی نیشتمانی لە کانیاوی دڵەکەی بۆ هەمیشە وەکوو خەون هەتایی کردەوە.

## سەرچاوەکان:


**دیوانی ئەحمەد موختار جاف**، عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٦

**مێژووی ئەدەبی کوردی**، مارف خەزنەدار، بەرگی چوارەم، بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٤

**رستاخیز کلمات**، محمد رچا شفیعی کدکنی، نشر سخن، ١٣٩١

**حالات و مقامات م. امید**، محمد رچا شفیعی کدکنی، نشر سخن، ۱۳۹۰

**شعر و شناخت، چیاء موحد**، انتشارات مروارید، چاپ اول، ۱۳۷۷

**دوزخ دوری**، کلپوم عپمانپور، دیداری مەولەوی، ۲۰۱۰

**عروض و قافیه**، سال چهارم متوسگە، وحیدیان کامیار، انتشارات آموزش و پرورش، ۱۳۸۹

**دیوانی نالی**، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس،بڵاوکردنەوەی سەلاحەدینی ئەیووبی، ورمێ، ۱۳۶۸

**دیوانی ناری**، کۆکردنەوەی کاکەی فەلاح، ۱۹۸۴



# وتار

# چەمکی ژن لە شیعرەکانی مامۆستا شێرکۆ بێکەس

چیمەن باقری
(خوێندکاری بەشی کوردیی زانکۆی کوردستان)



**که ژن نەبوو، ژیان چیە ؟**

**با هەزار ساڵیش بژیم!**

بیرمەندێک دەڵێت " بۆ ئەوەی ئازادی و دیموکڕاسی هەر کۆمەڵگایەک هەڵسەنگێنین، دەبێت سەیری ئازاد بوونی ژن و مافیان بکەین کە پێدراون ." بەو مانایەی ژنانی هەر کۆمەڵگایەک چەندە ئازاد بوون و مافیان پارێزراوە، ئەوکات بۆمان ڕوون دەبێتەوە کۆمەڵگاکەیان هێندەی ئازاد بوونی ژنیان ئازادە. چون ژن نیوەی کۆمەڵگایە، گەر ژن ئازاد نەبوو وە مافی پێشێل کرا، کۆمەڵگا و نەتەوە بە گشتی تووشی خەسار و داڕمان دەبێت و دوا دەکەوێت، بەڕاست کە دواکەوتنی هەر وڵاتێک پێوەندی بە دواکەوتنی ژنەوە هەیە؛ هەروەها ڕۆڵی ژن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا زۆر گرنگە و دیارە وەکوو چۆن لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دەیبینین، چونکە ئەوە ژنە بە دەستێکی لانک ڕادەژێنێت و بە دەستێکیش دونیا. کەواتە ڕۆڵی ژن زۆر گرنگە و کاریگەرە لە کۆمەڵگادا، هەروەها هەوێنی خۆشەویستی و میهرەبانی ژنە ،ژن کانگای سۆز و ئەڤینە، ژن ژیانە، کەوابوو گەر ژن دیل و کۆیلە و دابەستە بێت . مافی لە کیس بچێت، ئازادی لێ بسێندرێت . ئیدی چۆن هەستی خۆشەویستی و سۆزی ببێت و وەک ژنێک لە بنەماڵە وکۆمەڵگادا خۆی بنوێنێت و وەک ژنێک دەرکەوێت .

**لە لای ئەوان**
**لە پشت هەموو پیاوێکەوە**
**ژنێک هەیە**
**دەس بە مۆم و دەس بە کتێب و**
**ڕۆژنامە و شمشاڵ و کەمانچە و**
**دەس بە شەو بۆی خۆشەویستی**
**لە لای ئێمەش**
**لە پشت هەموو ژنێکەوە**
**پیاوێک هەیە**
**دەس بە مار و بە بلۆک و**
**بە دڕکەزی و بە بەردەکانی تەڵاق و**
**دەس بە خوێنی مەرگدۆستی ...**

بەڵام لێرەچی؟ لەم وڵاتە دواکەوتووانەدا ، تۆش هەمیشە لە پشتی پیاوێکەوە بوویت تا ئەو سەرکەوتوو بێت و بە ئاواتەکانی بگات و تۆش ببیتە سەمبولی دڵسۆزی و فەداکاری و خۆت لە حەسرەتی گەیشتن بە تاکە ئاواتێکت بتوێیتەوە و ون ببیت و تەنانەت لە گەڵ خۆشت نامۆ بیت،چون گەر تۆش بخوێنیت و لە گەڵ کتێب هاوڕێ بیت ڕێگای بەرەنگار بوونەوە لە گەڵ زڵم و زۆر دەگریتە بەر و خۆت دەدۆزیتەوە وەکوو ژنێک، وەکوو ڕەگەزێکی بەرامبەر و یەکسان . بەڵام لەم ڕۆژهەڵاتی ژن کوژەدا، لەم ڕۆژهەڵاتی سیخناخ لە تەم و تارماییدا ، لەم ڕۆژهەڵاتی کتێبی پیرۆزدا ، تۆی ژن دووری لە هەر خۆشییەک و نزیکی لە هەموو نامیهرەبانی و ئازارێکەوە. ئەوا لێرە لە لای تۆ ڕۆژ نیە هەواڵێک نەگات و نەڵێت ، ژنێک ڕۆژووی بێدەنگی هەتاهەتایی گرتووە ، ژنێک سەری خۆی هەڵگرت و لە نێو تەمدا ون بوو ، ژنێک ئازارەکانی لە ئەژمار دەرچوو، ژنێک خۆی سووتان، ژنێک خۆی کوشت، ژنێک کوژرا ، ژنێک، ژنێک ....

**لەم ڕۆژهەڵاتەدا**
**هەرچیمکرد بۆ ئەوەی لە بەردەم**
**یەک ئاوێنەدا**
**هەردوو وشەی «ئازادی» و «ژن»**
**لەسەر دوو کورسی بە تەنیشت یەکەوە**
**دانێم**
**بێ هوودە بوو**
**هەموو جارێکیش**
**وشەی «کۆمەڵ» بە سمێڵێکی فشەوە**
**ئەهات و**
**بەرماڵێکی لە بن دەستدا و**
**خۆی لە جێی ژن دادەنیشت.!**

ئەوەی ئاشکرا و ڕوونە لەم ڕۆژهەڵاتەدا ژن تەنیایە و بێکەس، وە تۆش هەرچی هەوڵ بدەی تا مەودای ژن و ئازادی کەم بکەیتەوە و بەرامبەر یەکدی داینێی بێ سوودە چون لێرە ژن کەسی نیە و دوژمنی زۆرە، کۆمەڵ و مێژەر و داب و نەریت و قانوون و تەنانەت خودا و شەرعی خوداش سەلماندوویانە کە لە گەڵ ژن نین و دژی ژنن .

**ئەی ژن !!!**
**بەڕاست یەکسان بوون**
**قەرەبووی ئەو هەموو غەدرانە ئەکاتەوە**
**کە پیاو لێی کردووی ؟؟؟**

شێرکۆ بێکەس وەک شاعیری هەموو نەتەوەکان بە نوێنەرایەتی هەموو بیرمەندەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، زۆرێک لە شیعرەکانی تەرخان کردووە بۆ ئازادی ژن و مافەکانی . تەنانەت چەند دیوانی هەیە بە ناوی ژن و مافی ژن نووسیویەتی. لەوانە :( ژن و باران – ملوانکە - ئێستا کچێک نیشتمانمە و ...)

شێرکۆ لە دوای سەفەر کردن بۆ دەرەوەی وڵات ، ئیدی زۆر بە باشی لەوە تێدەگات کە ئازادی ژن و دیمووکراسی دوانەیەکی لێکدراون و پێوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە. بۆیە زۆر بە چڕی کار لە سەر ژن و مافی ژن و ئازادی ژن دەکات لە وڵاتانی دواکەوتوودا. وەهەروەها دەڵێت " مەل بە باڵێک نافڕێت" . کۆمەڵگا ئەودەم پێش دەکەوێت و سەرکەوتووە کە تۆش باڵی فڕینت ببێت و ئازاد بیت و هاوکات و هاوشان بیت لە گەڵ ڕەگەزی بەرامبەرت نەک لە پشتەوە بیت و لە سووچی تاریکی ماڵدا بمێنیتەوە.

**شۆڕەبی ژنێکە**
**پیاو پێلەقەی داوە لە پشتی**
**پیاو قژی ڕاکێشاوە و**
**پیاو سواری بۆتەقەی ملی بووە**
**بۆیە وا چەماوەتەوە!**

شێرکۆ بێکەس تاکە کەسێکە کە بە تەواوی باسی بارودۆخی ژن و مافی پێشێل کراوی ژنی کردووە و ڕخنەی لە کۆمەڵگای پیاوسالار و داب و نەریت و ئایین گرتووە. بە جوانی ڕوونی

دەکاتەوە کە هۆکاری لە پەراوێز خستن و خانەنشین و ون بوونی چیە.

**لە کۆتاییدا**

**ئەی ژن !!!**

تۆی مێیینە مافت زەوت کراو و خراویتە پەراوێز، تۆی مێیینە ئەقڵت ناتەواو و نوقسان لە قەڵەم درا تا هەرچی داب و نەریت و مێژەر دیکتەی بکات بۆت، بە ئاسانی وەری بگری و خۆشت ئیمان و بڕوا بەو نەقسە بکەی، چون هێندە بە گوێتدا گوتوویانە و دە یڵێنەوە. ئەی ئەگەر تۆی ژن ، عەقڵت ناتەواوە و نوقسان؟ ئە ی چۆن لە وڵاتانی پێشکەوتوودا پابەپای پیاو پێش دەڕۆیت؟ کەوابوو تۆ هیچ عەقڵت نوقسان نیە . بەڵام تۆ لێرە، لە وڵاتانی دواکەوتوو، لە وڵاتانی مێژەر و داب و نەریتی کۆندا هەمیشە نیوەیت و هەمیشە ناقسی . تۆ بەس لە وڵاتانی مێژەر و داب و نەریتی کۆندا زەعیفەیت و عیفریتەیت تا هەر لە کونجەکانی تاریکی مێژوو و ئێستادا بمێنیتەو. جا خۆ ئەگەر( ماری کووری )ش لە وڵاتی تۆ بوایە و بژیایە، نەدەبوو بە( ماری کووری ) بەڵکوو مێیینەیەکی عەقڵ نوقسان و ماف خوراو و دیل کراوی وەکوو تۆ دەردەچوو.

**ئەی ژن .!**

تۆ هەمیشە قەدەغە و حەرامیت ،تۆ پێکەنینەکانیشت گوناهن و حەرام ، لێرە تۆ نیوە و حەرامیت ، تۆ نوقسان و تۆ زەعیفە و تۆ عیفریتەیت، تۆ تەنانەت لە بەهەشتەکەی خوداشدا ڕێگەت نیە، تۆ لە لای خوداشەوە پشت گوێ خراویت . ئاخر تۆ حووری نیت . تۆ نە حووریت و نە حووریت دەدەنێ . ئاخر تۆ دەرکراوی لە جەنەتێ . تۆ لە لای خوداش عیفریتەیت.

**ئەی تەمە ژن.!**

دەزانی بۆچ ویستیان دیل و کۆیلە بیت و لە کونجی تاریکی مێژوو و ژیاندا هەر نەبیت و ون بیت ؟ تا قەت نە توانی داوای ئازادی و مافی خۆت بکەیت و پێیبگەیت.

هەتا دەنگی خوێن بڕ ئەکا
تۆ هەر بێدەنگییەکی کوژراو و
هەر خەڵتانی شەوەزەنگ بووی
نە جارێک بووی بە پەیامبەر و
نە ڕۆژێک بووی بە بڵندگۆی ئاسمان
و
نە بۆ سەعاتێک بووی بە کورسی
شەرع و
نە بۆ دەقیقەیەکیش بووی
بە سوورەتی دەسەڵات و
نە بۆ چرکەیەکیش بووی بە نووسەری
فەرمان و قانوون!
ئاخر تۆ ژن بوویت ژن!!
"عەقڵێکی نوقسان"!
"سێیەکی ژیان"!
ئاخر تۆ ژن بوویت ژن ... بۆیە!!

# ناساندن

## دوکتۆرسدیق موفتیزاده (وێژەوان، زمانزان و مەولەویناس)

مەنسوور ڕەحمانی



**ئەم بابەتەی سەرەوە بەشێکە لە وتەکانی مامۆستا مەنسوور ڕەحمانی سەبارەت بە د.موفتیزادە کە بە شێوەی فایلی دەنگی پێشکەش کراوە و خاتوو "ژیلا قەوامی" لە لایان "هۆنە"وە بە شێوەی نووسراوە دەریهێناوتەوە.**

دوکتۆر موفتیزادە، ناوی محەمەد سدیقە. لە بنەماڵەی موفتیزادەکانی دشەی هەورامانە. لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچیی هەتاویدا لە گوندی دشە هاتووەتە دنیا. کوڕی مەلا عەبدوڵڵای موفتییە، کە ئەویش کوڕی مەلا مەحموودە و مەلا مەحموودیش کوڕی مەلا محەمەدە و لە بنەماڵەی مەلایانی دشەیە. دایکی کچی سەید شەهابەدینی تاڵشی، یەکێ لە خەلیفەکانی شێخ سەراجەدین، بووە کە لە کاتی خۆیدا لە تاڵشەوە هاتووە بۆ هەورامان و تەوێڵێ و لەوێ ماوەتەوە. باوکی د. سدیقی موفتیزادە، واتە مەلا عەبدۆڵڵای موفتی، لە ساڵانی پێش شەڕی جیهانی یەکەم لە لایەن فەرمانڕەواکانی ئەردەڵانەوە دەعوەت کراوە بۆ شاری سنە و بووە بە مودەڕسی مزگەوتی دارولئێحسان. دوایی لە سەردەمی قاجارەکاندا دەعوەت کراوە بۆ تاران و لەقەبی موفتیی کوردستانیان پێ داوە و گەڕاوەتەوە بۆ شاری سنە. تەمەنی شەش ساڵ بووە کە باوکی لە شاری سنە کۆچی دوایی کردووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکانی دشە و خانەگا

و شاری سنه، دوایی هێناوه و له ساڵی **١٣١٥**دا بۆ خوێندنی علوومی ئیسلامی زۆر شوێن وەکوو شارەزوور و مویوان و موکریان و پێنجوێن و سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و ڕواندز گەڕاوە و لەوێ دەرسی خوێندووە. لای چەندین مامۆستای گەورە وەکوو براگەورەی خۆی، مەلا خالیدی موفتی، و هەروەها زۆرێک لە مەلا بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە خوێندوویەتی. لە دواقۆناغدا لە شاری سلێمانی لە لایەن هەیئەتی زانیاریی ئایینیی ئەوقافی ئەو سەردەمەوە ئیجازەنامەی ئیفتا و تەدریسی وەرگرتووە. کە هاتووەتەوە بۆ ئێران لە ساڵی **١٣٢٣**دا لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگی ئەو سەردەمەوە یان ئامووزش و پەروەرشی ئیستا بووە بە مامۆستا و لە شارەکانی مەهاباد و سنە و خورەماوا و تاران وانەی وتووەتەوە. لە ساڵی **١٣٤١**دا لە کۆلیجی ئیلاهییات و مەعاریفی ئیسلامیی زانکۆی تاران، دەورەی لیسانس و دوکتۆریی دوایی هێناوە و لە کۆلێجی ئەدەبیاتیشدا ماوەیەک لە زانستی تەربییەتی و زمانەوانی وەکوو مامۆستا وانەی وتووتەوە و هاوکات لەگەڵ ئەوە لە دەبیرستانەکانی شاری تارانیشدا وانەی وتووەتەوە. لە ساڵی **١٣٤٩**دا بووە بە مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلیجی ئەدەبیات و زانستی مرۆیی زانکۆی تاران، لەو ماوەیەدا بێجگە لە دەرسدانی زمانی کوردی ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبیشی وتووەتەوە. لە ساڵی **١٣٥٩**دا لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە کە لەو سەردەمە زانکۆکان ئەبەسترێن، ئەویش خانەنشین دەبێت و خەریکی کۆکردنەوە و نووسینی زۆرێک لەو بەرهەمانە بووە کە پێش تر فیشی لێیان هەڵگرتووە و کاری لەسەریان کردووە و بابەتی کۆ کردووەتەوە، وەکوو ئەو کتێبە ڕێزمانە کوردییەی کە دواتر باسی ئەکەین، یان وەکوو ئەم شەرحەی دیوانی مەولەوی کە بە تازەیی چاپ بووە.

د. موفتیزادە باسی ئەوە ئەکات کە چۆن بۆ یەکەم جار بوو بە هۆگری زمانی کوردی و ئەڵێت: کاکم محەمەدی مێهری بەک کە ڕۆیشتبوو بۆ شاری ئێستەنبوڵ (بەداخەوە هەر چاوی پێ نەکەوتبوو، بە هۆی ئەوەو کە تەمەنی محەمەدی مێهری بەک زۆر لەم بەرزتر بوو) بۆ یەکەم جار نامەیەکی کوردیی بۆ ئەنووسێت و لە

نامەکەیدا زۆر دەمەی د. سدێق ئەدات کە بە زمان و ئەدەبی کوردی خزمەت بکات. خۆی ئەڵێ ئەو هەڵنانی منە بوو بە هۆی ئەوەی کە زۆرتر لە جاران خەریکی لێکۆڵینەوە لە زمان و ئەدەبی کوردی بم. لە ساڵی ١٣٣٨دا لە لایەن حکومەتی ئەو سەردەمەی شا، ڕۆژنامەی کوردستان لە تاران دەرئەکات. ئەم ڕۆژنامەیە بۆ ماوەی ٤ ساڵ (لە ساڵی ١٣٣٨ تا ١٣٤٢) حەفتەیەک جارێک بێبڕانەوە چاپ ئەکرێت، کە د. موفتیزادە وەکوو سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، لەوێ ئیش دەکات و چەندین کەسی تریش هاوکات لەگەڵ د. موفتیزادەدا هەر کەسەو لاپەڕەیەک و هەر کەسەو ستوونێک لەو ڕۆژنامەیە ئەنووسن. کە خوشبەختانە کۆی ئەم ڕۆژنامەیە، بنکەی ژین لە سلێمانی چاپی کردووە و ئیستە هەیە. دوکتۆر موفتیزادە ئەڵێ، لەو ساڵانەدا کە سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان بووە، زۆر بابەتی نووسیوە. بۆ نموونە کۆکردنەوەی نزیکەی ٢٥٠ پارچە لە هۆنراوەکانی مەولەوی لە نێو بەیازە دەستنووسە کۆنەکان و ڕاستکردنەوەیان و کورتە لێدوانێک لە مانای هۆنراوەکان؛ ئەوانەی لە دەستنووسەکان دەرهێناوە و هێناویەتە سەر ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی و شەرحێکی کورتیشی کردووە و لە ڕۆژنامەکەدا چاپی کردووە. هەروەها کۆکردنەوە و ڕاستکردنەوەی زۆرێ لە هۆنراوەکانی وەلی دێوانە، مەلا پەریشان، سەید ساڵحی کرماشانی، شیرین و فەرهادەکەی وەڵەد خانی گۆران، کەنیزەک و یازدە ڕەزم کە بەشێکە لە شانامەی کوردی، کە لێکدانەوەی لە سەر ئەویش کردووە و لە ڕۆژنامەکە چاپی کردووە؛ یان ڕاستکردنەوە و لە چاپدانی موناجاتنامەکەی خانای قوبادی و زۆرێک شتانی تر، وەکوو کولە و ئایینەملەکەی میرزا عەبدولقادری پاوەیی و هەروەها زۆر کاری تر کە لەو ڕۆژنامەی کوردستانەدا بە چاپی گەیاندووە. هەروەها دیوانی مەستوورەی ئەردەڵان و پەندی پێشینیان یان لێکۆڵینەوەیەک بە ناوی (مقایسە لغوی) کە بەداخەوە هیچکام لەمانە چاپ نەکراون.

یەکێ تر لە بەرهەمەکانی کە لە سەرەتادا ئاماژەمان پێ دا، کتێبێکە بە ناوی ڕێزمانی کوردی کە بڕیار بوو ئەم ڕێزمانە بینێرێت کە د. کەماڵ

فواد له ئالمّاندا له چاپی بدات.
دوکتۆر موفتیزاده به هۆی ئەوە کە هەم لە ڕۆژنامە و هەم لە ڕادیۆی کوردیی ئەو سەردەمەدا چالاکیی بووە، لەگەڵ سیاسەتوانانی ئەو سەردەمەی کوردستانی باشوور و هەروەها لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە لەو سەردەمەدا کاری کوردییان کردووە، پەیوەندیی بنەماڵەیی بووە. بۆ نموونە لەگەڵ بنەماڵەی کامران بەدرخان لە فەڕانسە و هەروەها پڕۆفیسۆر وەهبی پەیوەندیی بووە، کە پڕۆفیسۆر وەهبی لە د. موفتیزادە وەکوو شاسواری بواری ئەدەب و زمانی کوردی ناو دەبات. سەبارەت بەم شەرحەی دیوانی مەولەوی، خودی خوا لێ خۆش بوو موفتیزادە، لە لاپەڕەی ٢٧ی کتێبەکە لە بەرگی یەکەمدا، باسی ئەوە ئەکات کە چۆن بووە کە خولیای شیعری مەولەوی بووە و چۆن بووە کە دەستی بەم کارە داوە. لێرەدا بۆ ئەوە کە زۆرتر ئەم شەرحە ڕوون ببێتەوە و هەروەها بۆ ئەوە کە بزانین چ کارێ لە سەری کراوە، برێ لە پێشوتارەکە کە لە زمانی خۆیەوە هەیە، پێکەوە ئەخوێنینەوە. د.موفتیزادە دەفەرموێت: "لە سەرەتای ئاوەزیانمەوە جار و بار گوێم لە هۆنراوەکانی مەولەوی ئەبوو کە خزمان و دۆستان لە کۆڕ و کۆمەڵی شەوانە و ڕۆژانەدا بە بۆنەیەکەوە ئەیانخوێندەوە. جوانی و پاراوی ئەو هۆنراوانە، کەم کەم سەرنجیان ڕائەکێشام و حەزم ئەکرد منیش وەکوو ئەوان، ئەو هۆنراوانەم لە بەر بن و لە مانا و مەزموونی دڵڕفێنیان تێ بگەم. ئەو حەزە پاڵی پێوە نام کە ڕۆژ بۆ ڕۆژ، زۆرتر لە هۆنراوەکانی مەولەوی بکۆڵمەوە. لە هەر جێگایەک دەستنووسێکی کۆن و تازەی شیعریم چاو پێ بکەوتبای، ئەگەڕام کە هۆنراوەکانی مەولەوی لە ناو ئەو هۆنراوانەدا بدۆزمەوە و بە سەر و پێ شکاوی بیانخوێنمەوە... لە ئاکامدا بۆم دەرکەوت کە کاکم حاجی مەلا خالید، موفتیی شاری سنە، جگە لەوە کە دەسەڵاتێکی گەورەی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا هەبوو، لەوانە بوو کە لە وردکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هۆنراوەکانی مەولەویدا، بە مەولەوی ناسێکی بێهاوتا بناسرێ. (هەروەها دەڵێ) زۆر شوێن گەڕام و لەگەڵ زۆر کەسدا پەیوەندیم گرت، تا دوایی بۆم دەرکەوت کە برای گەورەی خۆم، مەلا خالید، یەکێ لە گەورەترین مەولەوی

ناسانە. بەداخەوە باری شپرزاوی ژیانی گەلەکەمان، دەرفەتی ئەوەی پێ نەدا بەو جۆرە کە خۆی ئەیەویست لەو ڕێگایەدا خزمەت بە زمان و ئەدەبی گەلە پێشێلکراو و بەشخوراوەکەی بکا و ئەویش وەکوو زانا و وێژەوانە دڵسۆزەکانی تری کورد، بە ناکامی و بەهرەلێوەرنەگیراوییەوە تەمەنی خۆی دایە سەر. لەو ساڵانەدا کە لە خزمەتیدا ئەمخوێند و پاش لە خوێندن بوونەوەش (تەواوکردنی خوێندن)، زۆرتری کاتمان بە لێکۆڵینەوە لە مانای پارچە هۆنراوەکانی مەولەوی ڕائەبوارد. لە ساڵانی سەرەتای نیشتەجێبوونم لە تاراندا لێ برام کە دیوانە دەستنووسەکانی مەولەوی کۆ بکەمەوە و تا ڕادەیەکیش لەو کارەدا سەرکەوتم. لە ساڵی ٣٨ی هەتاویدا کە ڕۆژنامەی کوردستان لە تاران بڵاو کرایەوە، نزیکەی ٢٠٠ پارچە لە هۆنراوەکانی مەولەویم لەو نوسخە دەستنووسانەدا دەرهێنا و لەگەڵ کورتە لێدوانێکی نیوە و ناتواودا لە چاپ دا. لەو کاتەدا بوو کە دیوانی مەولەویی چاپ کراوی مامۆستا مەلا کەریمیان بۆ هێنام. پاش خوێندنەوە و لێکدانەوەی دیوانەکە، بۆم دەرکەوت کە خزمەتێکی بایی دارە (پڕبایەخە) بۆ ناساندنی مەولەوی و کۆ کردنەوەی هۆنراوەکانی و هەنگاوێکی گرنگە بۆ پەرەدان بە زمان و وێژەی گەلەکەمان. بەڵام لەبەر ئەوە هەندێ کەموکووڕیم لە ڕاستکردنەوە و لێکدانەوەی ماناکانیان ئەکەوتە پێش چاو، بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی لە دەرفەتێکدا منیش بیر و باوەڕی خۆم لە بارەی دیوانی مەولەوییەوە دەربڕم و بڵاوی بکەمەوە. لە لایەکیشەوە ئەو ترسەم هەبوو کە کارێکی وەها گرنگم پێ جێبەجێ نەکرێ، بەڵام هەڵنیانی گەلێ لە برادەران و دڵسۆزانی زمان و ئەدەبەکەمان، کەسانێ وەکوو مامۆستا هەژار بەتایبەت، ئەو ترسەیان لە ناو برد و هێزێکی گەورەیان لە ویستمدا هێنایە دی و لە بەهاری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا ڕێکخستن و نووسینی بەرهەمی ئەو چەند ساڵە تێکۆشانەم دەس پێ کرد و بە ناوی ڕاستکردنەوە و لەسەر نووسینی دیوانی مەولەوی، بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی پێشکەش ئەکەم. با وەکوو ئەزانم کە ئەم نووسراوەیە نیشاندانی دڵۆپێکی بچووکە لە دەریای کەماڵاتی مەولەوی، بەڵام باپیرانمان وتوویانە:

دیاری شوان ئاڵەکۆکە. محەمەد سدیقی موفتیزادە تاران ١٣٦١" ئەم شەرحی دیوانی مەولەوییە پاش ٣٥ ساڵ بە هەوڵ و تێکۆشانی مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی و هەروەها لەسەر ئەرکی بەڕێز د. فواد مەعسووم لە سلێمانی چاپ ئەکرێت؛ کە ئەویش بۆ خۆی چیرۆکێکی دوور و درێژی هەیە کە، بۆ ئەم ٣٥ ساڵە مەودای کەوتووە (نێوان تەواو کردن و چاپ کردنی)؟ د. موفتیزادە لەم دیوانەدا چەندین کاری بەنرخی کردووە. یەکەم ئەوەی کە ١٢ نوسخەی لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکەی مامۆستا مەلا کەریمدا بەراورد کردووە (سەرجەم ١٣ نوسخە). نویشک و پوختەی مانای هەموو هۆنراوەکانی بە دەستەوە داوە. لە بواری Etymology (ڕیشەشناسی) برێ لە وشە دژوارەکانی ناساندووە و هەروەها تا ئەو شوێنە کە دەرفەت بوویێت باسی جوانکاریی ئەدەبی و وردکردنەوەی جوانییە ئەدەبییەکانیشی کردووە و مەبەستە زانیاری و ئەدەبی و فەلسەفی و خوداناسی و مێژووییەکانیشی ڕوون کردووەتەوە. دوکتۆر موفتیزادە لە ساڵی ١٣٦٣دا لە تاران، کۆچی دوایی ئەکات و لەسەر وەسییەتی خۆی لە سەر ئەو چیایە کە وەیسی قەرەنی نێژراوە، لە پەنای براگەورەی خۆی، مەلا خالیدی موفتی، بە خاک ئەسپێررێت. **ڕۆحی شاد بێ.**


بۆ مامۆستای هەمولایەک و زانای تایبەتی و بێوێنە لە
دیارییەکی هەژارانەیە
هەژار
٦١/٧/٤
شەرەفنامە
ی
شەرەفخانی بدلیسی
هەژار
کردویە بە کوردی
١٣٩١ - ١٩٧٢
لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لەچاپدراوە
افی لە چاپدانەوەی بەدەست وەرگیرە.

# چیرۆک

# ڕەشنووسی بۆشایی

سروە مەجیدی
(شاعیر و نووسەر)

ڕۆژ بوو، بەڵام تاریکییەکی تاڵ لە زەینما تێکەڵ و پێکەڵ بوو. دایکم بە ڕوخسارێکی پەرێشانەوە لە پەنجەرەکە دەڕوانێ. من لە ئەفسوونی ئەمڕۆ دەترسام. کزەبایەکی سارد لە ژوورەکە ئەهات و ئەچوو. دایکم جارنەجارێ دەیزریکاند و قژە زەردەکانی ئەجاوی. سەرما و سۆڵەیەکی ناوەخت، هەموو گوڵی کراسەکەمی ڕچاند و دەنکەدەنکە دایوەران. دایکم وتی: چ هاوینێ فێنکێ! من دڵنیام قفڵی لە ناخمدا ژەنگی هێناوە. لەم تەمە چڕوپڕەدا هیچێ نابینم، بە غەیری خاڵۆ سەیفە وەک دەعبایەک لە بەر ئاوێنەکەدا ڕدێنی زروی خۆی سوور دەکا. لە مەملەکەتی میز و ڕەشاییدا گیرم کردبوو. گوێم شل کرد، خاڵۆم بە جیڕەی ناحەزی پووتینەکانی لە پلیکانەوە سەرکەوت. سوێڵی بە ددانە قیزەونەکانی دەجوی و من بێزم دەهات. حەوزەکە لیپاولیپ بوو لە گەڵا و ماسی. ماسییەکان لە سەر گەڵاکانا ئەخزانە ناو دەسشۆرەکە.سەیفە پووتینە قوڕاوییەکانی لە سەر قاڵیەکە ئەنا و کرمگەلی جۆراوجۆر لە قوڕەکە ئەهاتنە دەرێ و ئەتلێقانەوە. خاڵۆ سەیفە بۆنی ڕێقنەی ئەهات، بەڵام دایکم دەمپلی ئەلێستەوە.

سەیفە وتی: دارێیە سەگباب وەک ژنی حیز خوەی دارقەواخ کردووە. دایکم میاواندی: ئۆخەی! هەناسەیەکی درێژی دایە دەر و بۆدڕنی ڕێقنە ئەو ناوەی گرتەبەر. دایکم وتی: لە کوێ بە خێرییەت میزاندوویە خوەیا؟ خاڵۆم وتی: هەر لەم کەلاوە، دوێنێ‌شەو. ئەکەنین و ددانە زەرد و پیسەکانیان کەوتنە دەر و من ڕشامەوە. ڕامکرد و لە پشت درگاکەوە خۆم داشارد و میزاندمە ناو شواڵەکەما. هەستێکی تێکەڵ و پێکەڵ بوو. دوای ئەو حەزە گەرم و تاڵە دایکم هەمیشە ڕانمی بە نقورچک لەتوپەت ئەکرد و من فێنکی و ژانی ڕانم لە ژێر

پەنجەی گەرمی دایکم پێ خۆش بوو. خۆشییەک تێکەڵ بە ئازار. دایکم ئەینووزاندەوە و ئەپریقایەوە. لە ئامێزی سەیفەدا وەک مار دەیفیشکاند و وتی: ئیتر هەر خوەمانین. خوا یار بێ ئیتر ئەم ماڵە و من هی تۆین سەیفەگیان. خەڵک وەکوو کەروان، هیچ لە خۆشەویستی من و تۆ نافامن و قسەی حەلەق و بەلەق ئەکەن. سەرم گێژی دەخوارد. شڵەژاوتر لە هەر کاتێ بە پێی دزە خۆمم گەیاندە ناو کۆڵان و ڕشامەوە. بەرەو کەلاوەکە لارەوە بووم. ناو زگم لوولی ئەخوارد. یەکێ بانگمی کرد؛ کا پاوشا بوو. کا پاوشا پیاوێکی مێهرەبان و پاڵتاو لە بەر بە زستان و هاویندا پاڵتاوەکەی لە بەریا بوو. پێستی دەستی وەکوو دڕک وابوو بەڵام هەمیشە بۆنی گەڵامێوی دەهات. منی خۆش ئەویست. کا پاوشا وتی: سەماگیان! دوێنێ‌شەو زریکاندت زانیم، بەڵام ئەبێ ژیر بیت. دەسم لە ناو لەپی کا پاوشا دەرهێنا و هەڕامکردە ناو کەلاوەکە. لەو مژە کەتانیەکانی بابام لە بان سەرم بوون و ئیدی شتێکم نەدی. دیوارێ لە دڵما تەپڵەی کرد و وەک هەور گرماندی و ڕما. دڵۆپێک تۆخ تکایە ناو دەمم. دیسان ژان و پێچی ناو زگم و ڕشامەوە. نازانم ئەو هەموو لمە لە ناو زگما چی بوو؟ کا پاوشا وتی: تف لەو داوێن پیسە! تف لەو گەوادەی سمێڵ حیزە! بێدەنگی و خامۆشییەکی لاڵ، چوار شەو لەمەوپێش هەموو گیانمی گرتەبەر. لە سەرما ڕاچڵەکیم. دایکم لە ژوورەکەدا نەبوو. سکڵی قلیانەکە چزەی دەهات. لە بیرم نەو بابام لە سەفەرە و نابێ بچمە ناو ژوورەکەی. ئەو ژوورە هەمیشە نیمچە تاریک بوو بەڵام وەها بوو بیرت دەکردەوە گڵۆپێکی تێیدا هەڵکراوە. کۆترەکەی بابام باڵێکی ڕەش و باڵێکی سپی بوو. نەخشەیەک لە سەر باڵە سپییەکەی بوو. سەیری دەریام ئەکرد کەچی تەنیا یەک شەپۆلیشی دیار نەبوو. سەیری دارستانم ئەکرد، یەک گەڵایشی نەدەجووڵا بەڵام کێوەکان ئەتەقینەوە و سوورسوور هەرەسیان دەکرد. تەواوی ساتە خۆشەکانم لەم ژوورەدا بوون. لە ژوورەکە هاتمە دەر و دەرگای باڵەخانەکەم کردەوە. سێبەرێکی زەلامم لە سەر دیواری حەوشەکە بینی بەرەو پەنجەرەکە دەهات و هەر گەورەتر دەبواوە. ڕامکرد و قیژاندم. دایکم لە حەوشەکەوە میاواندی: وس بە

دەڵەشێت! لە پلیکانەکان هاتە سەر. هەناسەی بۆنی ڕێقنەی لێ ئەهات. دیسان میزاندمە خوەما و هێور بوومەوە. دایکم پووکاوڵێکی نایە ناو چاوما. یەخەی کراسەکەی دادڕیابوو. هەڵمێکی ڕێقنەیی لێ دەهاتە دەر و ئازاری ئەدام و ئیدی دەمزانی ئەو شەوانەی وا سێبەرەکە بەرەو پەنجەرەکە دەهات، دایکم منی بەجێدەهێشت و ئەچووە ژێرزەوییەکەوە. زاتم نەئەکرد لە جێگەکەم بجووڵێم. لەو کاتەوە فێر بووم ناونیشانی فرمێسکەکانم بگۆڕم و هەستەکانم داشارم. چاوم لە شەوژەنەکە بوو. ئەمزانی بابام هاتووتەوە. هەمیشە بەرلەوەی بابام بێتەوە، بۆنی یاس تەواوی کۆڵانی دائەپۆشی.چاوم ڕەشکەوپێشکەی ئەکرد بەڵام نەخەوتم. دایکم لە ژێرزەوییەکەدابوو، بابام لە سەر بانەکەوە هاتە خوار و من باوەشم پێیا کرد. گوتی: هێواش، هێواش. دەنگ مەکە با کەس هەتا بەیانی نەزانێ. بابام لە سەر یەک جگەرەی دەکێشا. نیگاکانی جۆرێکیتر بوون، بەڵام من دڵشاد بووم. لە ئامێزیدا ئۆقرەم گرت. بابام سەیری قووڵایی دەکرد. پێڵووەکانم قورس بوون و خەوم لێکەوت. هیچکەس دەرەقەتی ئەو تاریکییەی وا لە دایکما بوو نەئەهات. من سەیری تارماییم دەکرد. لە پشت وێنەکەمدا ددانی عەقڵم کەوتبوو. باشاری ئەو ساتە تەلیسماویانەم نەئەکرد وا لرخەلرخی مەرگ لە هەناسەی بابامدا کاتی ئەبردە سەر. بەیانی بە خەبەر هاتمەوە. حەوشەکەمان پڕپڕ لە ڕەنگی ماسی و بۆنی یاس. کاغەزێ بە خەتی بابام لە ژێر پێخەفەکەمدا خووساو و تەڕ نووسرابوو: کوێنەی ئەم ژیانە چراخان کەم؟! درگایەک نیە بمکاتەوە سەماگیان! لەو ڕۆژەوە وەکوو ئاوێنەیەک شکاو هەزار کەرتم تێدایە. مژ، ئاسمانی کەلاوەکەی گرتبوو. ئەو ڕۆژە لە هەموو ساتەکانی ژیانمدا ئامادەبوونی تەواوی هەیە. نە هەور ئەباری و نە خۆریش دەرئەکەوت. بابام هەڵواسرابوو. من لە لای مەرگەوە بۆ ئەم ژیانە شۆڕبوومەتەوە. بزەی دایکم هێق ئەکەمەوە، شیری مەمکەکانی هێق ئەکەمەوە، نەفرەتم لەو سوێڵە سوورەی گەواتەیە و نامۆیی خۆم هێق ئەکەمەوە. دایکم بە مانتۆیەکی زەرد و نووساو بە ئەنامیەوە، لە حەوشەکە چاوەڕوانی سوێڵ قەیتانیەکەی بوو. ڕۆژێک، دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ و ...

هەر نەهات. دایکم شەوانە لە کەلاوەکەدا دڕکی ئەچاند و ڕۆژێکیش بۆ دواجار میاواندی و نینۆکەکانی لە کەلاوەکەدا بەجێ‌هێشت. خۆشی دنیا سەری تێکردم. دایکم میاواندی و وتی: داوەشی دەڵەسەگ! میزانتە ناو دەم‌وپلما. من لەو تاریکییەدا شواڵەکەم هەڵکێشا و نەموێرا لا بکەمەوە. گۆڕستان بەینێکە دایکمی لە سەر کورسییەک داناوە و قوڕێکی ڕێقناوی لێ دەچۆڕێ.

# حەکایەت و فولکلۆر

## شێرکوژ

### گێڕانەوەی:
### ئیبراهیم زەندی

نووسینەوەی: حەسیبە فایەقی
(خوێندکاری بەشی کوردیی زانکۆی کوردستان)

کابرایێک بوو جۆلایی ئەکرد. بەیانییێک تماشای کرد مشکەکوێرەییێک لە ناو چاڵ جۆلاییەکەیەتی. هاواری کرد: «ئەی هاوار! گەیێن پێم؛ شێر خواردمی.» مەردمیش، دووکاندار و گشتی خرۆشیا. چوون وتیان: «خوا بتانناسێ! شێر چووەتە دووکانەکەی جۆلاوە». وەختێ تماشایان کرد شێر نییە و مشکەکوێرەییێک لە ناو چاڵ جۆلاییەکەدایە و قوتار. دوای ئەوە مشکەکوێرەیان فڕە دا، ژنەکەی کابرای ناو نا «شێرکوژ». پاوشایش باخێکی بوو، باخەکەی شێرێکی تیا بوو. لە بەر ئەو شێرە، کەس نەیەتوانی بچێتە ناو باخەکەوە. هەر ئەیوت: «وەزیر! بەشکەم کەسێ پەیا کەی، پاڵەوانێ پەیا کەی، شێرکوژێ پەیا کەی ئەم شێرە بکوژێ».

ڕۆژێ وەزیر دایە بەر درگای دووکانەکەی ماڵ جۆلا، ژن جۆلا قاوی کرد: «شێرکوژ! بێرۆ نەهارم بۆت دروس کردە، نەهارەکەت بخۆ».

[وەزیر] وتی: «بۆ چی خانم ئەم شووەی تۆ شێرکوژە!؟»

وتی: «ئەی شێرکوژە؛ ئەی چی؟ نەتزانییە تا ئیسە؟».

وتی: «کورە نەوەڵڵا».

چووەوە، وتی: پاوشا سلامەت وێ! شێرکوژێکم پەیا کردە».

وتی: وەزیر نامەردان! بڕۆن بیهێرن. دوو نەفەر پاسەوان بنێرە با بیهێرن».

دوو نەفەر پاسەوان هاتن و وتیان: ئاغە! تۆ شێرکوژی؟»

ژنەکەی وتی: بەڵێ شێرکوژە؛ ئەرێ وەڵڵا ئەمە شێرکوژە».

ئیتر خۆی زاتی نەبوو بێژێ من شێرکوژم. بردیان بۆ ماڵ پاوشا و پاوشا وتی: وەزیر! بڕۆ دەروازەی باخەکە بکەرۆ، ئەم بنێرە ئەو دیویەو؛ خۆتیش بێ ئەم دیو».

وەزیر هات هێواشێک دەروازەکەی کردەوە و شێرکوژی ناردە ئەو دیو؛ خۆی هاتە دواوۆ. شێرکوژیش چوو تماشای کرد، شێرەکە لە پای بنێ مێوا خەوتووە، وتی: دەی خوا من چی بکەم؟»
جەوهەرچنارێ گەورە بوو؛ وتی: با برۆمە قەو ئەم جەوهەرچنارا.» چووە قەو جەوهەرچنارەکەدا. شێرەکە چاوی پێوە بوو. شێرەکە هات لە پاڵ چنارەکەدا خەوت. ئەویش ئەوەندە لە بان دارەکەوۆ وێستا... کەمکەم کەمکەم هاتە خوارەوە، نزیک زەوی بووەوە و فڕەی کرد و چوو سوار شێر بوو. گوێچکەی گرت؛ شێر لەم بار و لەو بارا هەر ئەوەندە دەرچوو کە دەروازەکە باز بوو لە سەردا شێر لە دەروازەکەوە چووە ئەو دیو.
مەردم وتیان: کورە خوا بتانناسێ! ورد شێرکوژ سوار شێرەکە بووە».

ئەوەندە سوار شێر بوو و وازی لێ‌نەهێنا ئەم بەستەزمانە ئەوەندە خۆی دا بە دار و دیوارا، تۆپی. جواویان دا پاوشا: پاوشا سلامەت وێ! شێرکوژ شێرەکەی کوشت».

وتی: وەزیر نامەردان! بڕۆن لەتەک خانمیا بیهێرن؛ زەڕوەشانێکیان کەن و دوای ئەوە وتاقێکیان بۆ فەرش کەن؛ با لە وتاقێکا دانیشن، بیکەینە پاڵەوان پاتەخت».
شێرکوژیان هاورد. زەڕوەشانێکیان کرد و وتاقیان بۆی فەرش کرد و تەک خانمیا [دانیشتن].

پاوشای حکومەتێ تر، چەن نەفەری ناردبوو لە تەک ئەم پاوشا شەڕ کەن. لە سەر کانی و ئاوێکەوە چادر و خەیمەیان هەڵدابوو. وەزیر وتی: دەی پاوشا ئێمە چی بکەین؟ پاوشا وتی: وەزیر! هەر ئەمە خاسە ئێمە ئەوەڵ شێرکوژ بنێرین، بزانین شێرکوژ ئەبێتە چی. پاوشا ئەسپێکی بوو؛ هیچکەس نەیەتوانی بیهێنێتە دەرەوە، بە دە کەسیش نەیاندەتوانی بیهێننە دەرەوە. شێرکوژ وتی: وەزیر ئەشێ ئەو ئەسپە بهێرنە دەرۆ زین‌بەری کەن؛ من سوار ئەو ئەسپە ئەوم. چوون دە دوانزە نەفەر پاڵەوانیان هاورد و ئەسپیان هێنا درەوە. وتی: وەزیر! زین‌بەری کەن؛ زینەکەی پڕ کەن لە قیر. من ئەچمە ناو قیرەکە، ئیتر بەم بار و ئەو بارا تەکان ئەدەم داناکەوم؛ ئەینا دائەکەوم و لە بەینم ئەوەن.» شێرکوژیان هاورد. زینەکەیان

پڕ کرد لە قیر و خستیانە سەر قیرەکە. شێرکۆژ رووی کردە چادرەکە، تماشای کرد دانەییٚ جەوهەرچنار چەنساڵە لە سەر کانی و حەسێڵێکەوەیە؛ شێرکوژ چوو، باوشی کردە جەوهەرچنارەکە، ئەسپ تەکانی دا، جەوهەرچناری لە ریشە دەرهاورد. وەختیٚ ئوردی (ئوردوو، سپا) چاویان پیٚ کەوت، وتیان: برا ئەمە بێخودە، دەرەقەت ئەمە نایین، با بگەڕینە دواوە. ئوردی شکان؛ نیشتە ناو ئوردی شەڕێکی کرد تەکیانا، ئوردی وتیان: باوە ئێمە دەرەقەت ئەمە نایین. جەوهەرچنارەکەی هەر دابووە بن دەسیەوە و ئەسپەکە کێشی ئەکرد. هاتەوە، وەزیر تماشای کرد دانەییٚ جەوهەرچناری داتە بن دەسی کە سەد نەفەر ناتوانن لە زەوی بەرزی کەنەوە. وتی: پاوشا سڵامەت ویٚ! شێرکوژ ئوردیەکەی شکاندووە. هاتە بەر دەروازە و وتی: وەزیر بێرۆ ئەو ئەسپە بگرن؛ دامبەزێنن لە بان ئەسپەکە دایانبەزان لە بان ئەسپەکە؛ هاتە خوارۆ و ئەسپەکەیان برد لە جێگەکەی خۆیا تاقەتیان کرد. شێرکوژیشیان هاورد و پاوشا زەڕوەشانێکی کرد.[1]

## چەپەی گوڵ و چەپەی نەرگیز
## مەرگتان نەوینم هەرگیزای هەرگیز



[1] ئیبراهیم زەندی خەڵکیٚ گوندیٚ باخچە مرێەم سەر بە ناوچەیٚ لەیلاخیٚ دێهگولانە. ناوبراو لە

کاتیٚ تۆمار کردنیٚ ئەم حەکایەتەدا(ساڵیٚ ١٣٨٩ه) تەمەنیٚ ٧٥ ساڵە.

# دەلاقەی کۆترە سپییەکە

شلێرڕەحمانی
(خوێندکاری بەشی کوردیی زانکۆی کوردستان)

تازە کەوتبوومە ڕێگە، هەنگاوەکانم ئەلکانە قیرتاوەکەوە؛ قورستر لە ڕەشی شەو. هەنگاوێکم نایە ئەوپەڕ هێڵی نێوەڕاستی شەقام؛ ئەو سەری جادە شەو بوو، کەسێک ئاسمانی کردبوو بە دوو لەتەوە، دوو زەمەنی جیاواز. دەبوا بڕۆیشتمایە؛ شەو مەترسی نەبوو، بەڵام دەنگی گورگ و خشپە خشپی شێخەڵەکان زۆر. دوو هەنگاو پێشتر چووم، لەگەڵ هەر هەنگاوێکمدا دەنگی پێیەکی ترم لە پشتی سەری خۆمەوە دەبیست. لامکردەوە کەسێک نەبوو؛ ویستم بخوێنم، گۆرانی تەنیا دەنگێکە کە دەنگی شەو و دەنگی گورگ و هەموو دەنگەکانی تر دەخنکێنێت. دەنگم دەلەرزی، لە سەرەتا وەکوو چرپە بوو؛ هەر قامێکم کە دائەنا دەنگم زۆرتر هەڵئەبڕی. گۆرانی تەواو بوو هێشتا نەگەیشتبووم؛ ئەو سەری ڕێگام لێ ون بوو.

دار چنارەکان کەوتنە جووڵەجووڵ.

کە گەیشتمە ئەو پەڕ ڕێگا دەستەیەک قەل پێکەوە هەڵفڕین و بایەک فێنکیان هەڵکرد.

ئەوسا بوو تێگەیشتم کە چەندە لە عارەق خووساوم؛ دوو دڵۆپ لە سەر توێڵم کەوتە بەر پێم.

ویستم هەمجارە بخوێنم بەڵام خوێندنم بۆ نەدەهات؛ دەستم کرد بە ژماردن...

یەک ، دوو ، سێ، چوار، پەنج، شەش.. دەستێک دایە سەر شانم، ڕاچڵەکیم؛ نەمدەتوانی لاکەمەوە.

